رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

ماموستا صدام حسین پێشوازی باڵیۆزی کوماری دیموکراتی صومالی کرد

پاش نیوەڕۆی ١٠ – ٩ ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە بارەگاکەیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی کاك محمد جامع علمی باڵیوزی کوماری دیموکراتی صومال – یان کرد •• دیدەنییەکەش نزیکەی ٢٠ دەقیقەی خایاند •

ئا•د•ع

ژمارە ٢٣٤ ١٣–٩–١٩٧٤

شۆڕشگێڕان ٩٠٪ی خاکی کەمبۆدیایان ڕزگار کردووە

سەرۆك بەکر: عیراق پشتگیری گەلی شیلی ئەکات

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر بەبۆنەی هەفتەی کۆمەك کردن بە گەلی شیلی کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردو دەستی پێ کرد بروسکەیەکی ئاراستەی لیژنەی عیراقی کۆمەك کردن بە گەلی شیلی کرد تیایدا ڕایگەیاند کەگەلی عیراق کۆمەك بە گەلی شیلی ئەکات لە خەباتیا لەپێناوی دیموکراتی یەت و سەربەخۆیی نیشتمانیدا •• ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە:

بۆ لیژنەی عیراقی کۆمەك کردن بە گەلی شیلی ••• بۆ جەماوەری کۆبۆوە لەو کۆڕەداکە بەبۆنەی هەفتەی جیهانی کۆمەك کردن بەگەلی شیلی یەوە ڕێکخراوە •

بەناوی خۆم و گەلی عیراق و حکومەتە نیشتمان پەروەرو فاشستی یە بەکرێ گیراوەکەو پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و بەڕێی نیشتمانی و نفوزی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا • ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازەوە سڵاوتان لێ ئەکەم و ئەیسەلمێنین کە پشتگیری خەباتی دلێرانەی گەلی شیلی ئەکەین لەپێناوی دیموکراتیەت و مسۆگەرو پتەوکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی شیلی و سەرلەنوێ ڕزگار کردنەوەی سامانە نیشتمانیەکانی لەژێر چنگی مونوپولەکانی ئیمپریالیزم •• هەروەها لەپێناوی ڕزگار کردنی گیراوە نیشتمان پەروەرەکان و لەناوبردنی تاقمە میلیتارە فاشیستەکان و کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریەتی قطری سەرکردایەتی سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب •• سەرۆکی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز

احمد حسن بکر
سەرکۆماری عیراق ••

ماموستا صدام حسین پێشوازی باڵیۆزی کۆماری گەلی چین ئەکات

ماموستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ڕۆژی ١١–٩ لە بارەگاکەیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی بەڕێز «شاوشنگ چی» باڵیوزی کۆماری گەلی چین یان کرد •• دیدەنییەکەش نزیکەی ٤٥ دەقیقەی خایاند •

هەروەها جێگری سەرکۆمار پێشوازی بەڕێز «چی» ئەکات

لە لایەکی ترەوە ڕۆژی ١١–٩ بەڕێز کاك طه محی الدین معروف جێگری سەرکۆمار لە بارەگاکەیاندا لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی بەڕێز (شاوشنگ چی) باڵیوزی کۆماری گەلی چین یان کرد •

ئا•د•ع

یاسای ڕێکخستنی بازرگانی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئێوارەی ١٠–٩ یاسای دووەم چاککردنی یاسای ڕێك و پێك کردنی بازرگانی دەرکرد کە تیایدا فرمانی لەسێدارەدان ئەدرێ بەسەر ئەوکەسەدا کە بەسەریدا ساغ بێتەوە ئابوری نەتەوەیی ئێك داوەو زیانی بە بەرژەوەندی گشتی گەیاندوە •

وە دەربارەی هۆیەکانی دەرکردنی ئەو یاسایە وتراوە : لەبەر ئەوەی ئەو سزایانەی لە یاسای بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٠دا هەبوون تا ئەو ڕادەیە نەبوون کە بتوانن ئەوانەی سەرپێچی ئەکەن سنوردار بکەن بۆ دابنێ •• ئەمەش ئەبووە هۆی ئەوەی بەئاسانی فیل و چاوبەستەکی بکرێ و یاری بە نرخی شتومەك بکرێ و کەرەسەو شتومەك بشاردرێتەوە •

جا بەمەبەستی زیادکردنی ئەو سزایانە بۆ سزادانی ئەوانەی لەیاسا لائەدەن •• وەلەبەر ئەوەی چەند تاوانێك کەلەومەیانەدا کراوە لە سنوروەسەلاتی دادگای تایبەتی بەرێکخستنی کاروباری بازرگانی چونەتە دەرەوە ، ئەمەش وای پیویست ئەکرد کە دادگای تایبەتی بۆ دابنرێ لەبەرئەوە ئەم یاسایە دانرا •

ئەنجومەنی ڕێکخستنی بازرگانی لەسەرۆك و ئەندامێتی وەزیری ئابوری و نەخشەکێشان و پیشەسازی و دارایی و ئەوت و مەعدەن و کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و گواستنەوەو محافظی بانقی ناوەندی عیراق •• سەرکۆماریش دەسەلاتی هەیە کە ئەندامێك یاخود زیاتر بخاتە ناو ئەنجومەنەکەوە • ئەنجومەنیش ئەتوانێ داوا لە هەر وەزیرێك یاخود پسپۆرێك یان هەرکەسێکی تر بکات بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەکانیدا بەشداربێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ •

یاساکارێگای دادگای «الثورة»ی داوە کە تەماشای ئەو تاوانانە بکات کە لەبرگەکانی بەندە تایبەتییەکانی ئەم یاسایەدا باس کراون و ئەتوانێ سزای ئەوانە بدات کە تۆمەتی ئێك دانی ئابوری نەتەوەیی و زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتییان لە سەرساغ ئەبێتەوە •

ئا•د•ع

ڕژێمی ئەردەن چەك و تفاق بە ڕەگەز پەرستانی خواروی ئەفریقا ئەفرۆشێ؟

لەندەن : ئاژانسەکان : ڕۆژی ١٠–٩ لە لەندەن بلاوکرایەوە کە ڕژێمی ئەردەن چەك و تفاق و ساروخ و ٤١ تانکی بەرەگەز پەرستانی خواروی ئەفەریقا فرۆشتوە •

ڕۆژنامەی گاردیان کە لەلەندەن دەرئەچێ چەند بەلگەو وێنەیەکی بلاوکردۆتەوەدەربارەی ئەو چەکەی کە ئەردەن بەرەگەز پەرستانی خواروی ئەفەریقای فرۆشتوە لەگەڵ ئەو پەیمانەی کە لیوازید بن شاکر سوپاسالاری ئەردەن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە ڕەگەز پەرستە مۆری کردوە •

ڕۆژنامەکە لەو باوەڕە دایەکە ئەو چەکە تازانە بەهۆی خواروی ئەفەریقاوە ئەگاتە دەست ڕەگەز پەرستانی ڕۆدیسیا وەکو زانراویشە ئەردەن کاتی خۆی ئەم چەك و تفاقەی لە بەریتانیا وەرگرتووە •

یاخی بوونی مۆزەمبیق خۆیان بە دەستەوەدا

لورنزومارکیز : ئاژانسەکان : دوای ئەو هەراو ئاژاوەیەی لە پایتەختی مۆزەمبیق دا بەرپابوو ڕۆژی ١٠–٩ سپیی یەکەز پەرستە یاخی بووەکان خۆیان بەدەستەوە داوە ، لەشکری پورتوگال شوێنە گرینگەکانی پایتەختیان لەژێر دەست یاخی بوان دەرهانیەوەو ئیستگەی ڕادیوی پایتەختیش کەوتەوە دەست هێزی ئاسایش ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا ئەڵێ ، یاخی بووان هیچ خۆیان پێ نەگیراو بەچوکاهاتن ، لەلایەکی تریشەوە هێزەکانی پورتوگال بەبێ ئەوەی گیروگرفتێکی وایان بێتە ڕێگا فروکەخانەکەی لورنزو مارکسیزیان لەدەست یاخی بووەکان دەرهێنایەوە • وەلەجەزایر بلاوکرایەوە کە سەرۆکی جەزایر بروسکەیەکی بۆ سەرۆکی پورتوگال ناردوە تیایدا پیرۆزبایی لێ کردوون بەبۆنەی مورکردنی ڕیککەوتنی لوساکا لەنێوان پورتوگال و بەرەی ڕزگاری مۆزەمبیق فریلیمودا •

کار بەدەستێکی ئەمەریکا گەیشتە صنعاء

صنعاء : ئا•د•ع : ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردوو ١١–٩ سیدنی شپرد جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بە سەردان چووبۆ یەمەنی ژوورو •

شپرد لەگەڵ کاربەدەستانی صنعاء دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتو تووێژ ئەکات • لەوێشەوە سەر لەخلیج و سعودی ئەدات •

تاقمە تاوانکارەکەی ئابوطبر لە تەلەفزیونی بەغدا نیشان دران

لە ژمارەی پێشوماندا هەواڵی گرتنی تاقمە تاوانکارەکەی – ابو طبر – مان بڵاو کردەوە ، ئەو تاقمەی کە بەدەیان تاوانیان کردو ترس و لەرزێکی زۆریان خستبووە دڵی خەڵکی بەغدا • ئەوەبوو ئێوارەی ٧–٩ لە تەلەفزیونی بەغدا وێنەی سەرۆکی تاقمە تاوانکارەکە حاتم کاظم هضم کەبە – ابو طبر – ناسراوە لەگەڵ پێنج تاوانکاری تر نیشان دران کە ئەمانەن :

حاتم کاظم هضم — ١ – حازم کاظم هضم — ٢ – غالب کاظم هضم

٣ – حسین علی حسون — ٤ – احلام علی حسون — ٥ – ساجدە علی محمد رشید

فورد نیکسونی بە خشتی کۆنگرێسیش قایل نابێ

واشنتۆن : ئاژانسەکان : هەفتەی ڕابوردوو لەناکاو فوردی سەرۆکی ئەمەریکا لەوتارێکدا بریاری دا کە لەنیکسونی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا ببورێ و لەو تاوانانەش ببەخشێ کە کاتێ سەرکۆماربووە کردونی •

ئەم بریارەی فورد دەنگێکی گەورەی دایەوەو هەراوهۆریایەکی زۆری لەنێو ڕای گشتی ئەمەریکا بەرپا کرد •

لەسەرەتاوە سکرتیری ڕۆژنامە نووسی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ نارەزایی دەربڕین دژی ئەو بریارە دەستی لەکار کێشایەوە • وە بەهەزاران بروسکەی نارەزایی دەربڕین دژی ئەم بریارە لەلایەن خەڵکی یەوە بۆ کوشکی سپی نیردرا •

هەروەها چەند ئەندامێکی کۆنگرێس نارەزایی دژی ئەو بڕیارە دەربڕی و داوایان کردکە لەو هەڵانە بکۆڵرێتەوە کەنیکسونی سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا کردونی •• وەسێناتۆری دیموکراتی والتەرەوندیل وتی : لیژنەی کاروباری میری لە کۆنگرێس دا ئەتوانێ لەم هەڵانە بکۆڵێتەوەو داوای کرد کە ئەو بەلگەو نیشانانەی دەربارەی تاوانەکانی نیکسون و وۆتەرگێت لەئارادان پێشکەش بەولیژنەیە بکرێن •

لەلایەکی تریشەوە سێناتۆر سام ئیرفیس سەرۆکی لیژنەی وۆتەرگێت (کەئێستا پەکی خراوە) نارەزایی خۆی دژی ئەو بڕیارەی فورد دەربڕی و وتی : فورد ئەتوانێ لە کەسێك ببورێ کە دان بەوەدابنێ کە هەڵەی بچوکی کردوەو داوای لێ بوردن بکات •• جابۆیە ئەم بڕیارە لە جێگای خۆیدا نەبوو •

وە لەواشنتۆن جون هوشن قسەگێڕەوە بەناوی کۆشکی سپی یەوە وتی : سەرۆك جیرالدفورد خەریکی لێکۆڵینەوەی بەخشینی هەموو ئەوکەسانەیەکە لە مەسەلەی وۆتەرگێت دا تاوانبار کراون •

وە ئەگەر ئەم بڕیارە دەربچێ ئەوا ئەوکەسانە ئەگرێتەوە کە لەمەوبەر تاوانبار کراون و ئەوانەش کە دوور نیە لەئایندەدا بدرێن بەدادگا •

ماوتسی تونگ لەگەڵ سەرۆکی نایجیریا کۆ ئەبێتەوە

پەکین : ئا•د•ف : ڕۆژی ١١–٩ لەشاری پەکین بەڕێز ماوتسی تونگ سەرۆکی پارتی کومونیستی چین لەگەڵ یاکوب گۆون سەرۆکی نایجیریا و ئەو وەفدە کۆبۆوە کە لەگەڵیایەتی • گۆون ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو لەگەڵ وەفدێکدا بەسەر دانێکی ڕەسمی چوو بۆ کۆماری گەلی چین •

O

لوبنان چەك و تفاق لە ئەمەریکا ئەکرێ

بێروت : ئا•د•ع : حکومەتی لوبنان ، هەفتەی ڕابوردوو ، بەرنامەیەکی دانا بۆ کڕینی چەك و تفاقی شەڕ لەئەمەریکا • وە بۆ ئەم مەبەستەش نزیکەی ١٥ ملیون لیرەی لوبنانی تەرخان کراوە •

وە بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکانی بێروت ، ئەم چەکە بریتی ئەبێ لە فڕۆکەی هەلیکۆپتەرو شەستیرو تفەنگ و چەکی تری هەمەچەشنە •

میسر و سەربەستی پارتی یە سیاسیکان

قاهیرە : ئا•د•ع ڕۆژی : ١٠–٩ زوربەی ئەندامانی لیژنەی ئەنجومەنی گەلی میسر لە کۆبونەوەیەکدا ڕازی نەبوون بەوەی کە ڕێگای چەندپارتی یەك بدرێت کە لەمیسردا بەسەربەستی ئیش بکەن و داوایان کرد کە یاسای تاکە پارتی یەك پەیڕەو بکرێت •

لیژنە لەو بڕیارەیداوتی : « ڕێگادانی چەند پارتی یەك هەڕەشە لەیەکێتی نیشتمانی ئەکات !! » وەباشتر وایە کە یەکێتی سوشیالیستی عەرەب پتەو تر بکرێ و ئۆرگانەکانی لەسەر بنچینەیەکی تازەڕێك بخرێنەوەو ئەرك و فەرمانەکانی لەمەیانی ناوخۆو عەرەبی و نێو دەوڵەتاندا دیاری بکرێن •

یاسای ڕێکخستنی بازرگانی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئێوارەی ١٠–٩ یاسای دووەم چاککردنی یاسای ڕێك و پێك کردنی بازرگانی دەرکرد کە تیایدا فرمانی لەسێدارەدان ئەدرێ بەسەر ئەوکەسەدا کە بەسەریدا ساغ بێتەوە ئابوری نەتەوەیی ئێك داوەو زیانی بە بەرژەوەندی گشتی گەیاندوە •

وە دەربارەی هۆیەکانی دەرکردنی ئەو یاسایە وتراوە : لەبەر ئەوەی ئەو سزایانەی لە یاسای بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٠دا هەبوون تا ئەو ڕادەیە نەبوون کە بتوانن ئەوانەی سەرپێچی ئەکەن سنوردار بکەن بۆ دابنێ •• ئەمەش ئەبووە هۆی ئەوەی بەئاسانی فیل و چاوبەستەکی بکرێ و یاری بە نرخی شتومەك بکرێ و کەرەسەو شتومەك بشاردرێتەوە •

جا بەمەبەستی زیادکردنی ئەو سزایانە بۆ سزادانی ئەوانەی لەیاسا لائەدەن •• وەلەبەر ئەوەی چەند تاوانێك کەلەومەیانەدا کراوە لە سنوروەسەلاتی دادگای تایبەتی بەرێکخستنی کاروباری بازرگانی چونەتە دەرەوە ، ئەمەش وای پیویست ئەکرد کە دادگای تایبەتی بۆ دابنرێ لەبەرئەوە ئەم یاسایە دانرا •

ئەنجومەنی ڕێکخستنی بازرگانی لەسەرۆك و ئەندامێتی وەزیری ئابوری و نەخشەکێشان و پیشەسازی و دارایی و ئەوت و مەعدەن و کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و گواستنەوەو محافظی بانقی ناوەندی عیراق •• سەرکۆماریش دەسەلاتی هەیە کە ئەندامێك یاخود زیاتر بخاتە ناو ئەنجومەنەکەوە • ئەنجومەنیش ئەتوانێ داوا لە هەر وەزیرێك یاخود پسپۆرێك یان هەرکەسێکی تر بکات بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەکانیدا بەشداربێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ •

یاساکارێگای دادگای « الثورة »ی داوە کە تەماشای ئەو تاوانانە بکات کە لەبرگەکانی بەندە تایبەتییەکانی ئەم یاسایەدا باس کراون و ئەتوانێ سزای ئەوانە بدات کە تۆمەتی ئێك دانی ئابوری نەتەوەیی و زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتییان لە سەرساغ ئەبێتەوە •

ئا•د•ع

ڕژێمی ئەردەن چەك و تفاق بە ڕەگەز پەرستانی خواروی ئەفریقا ئەفرۆشێ؟

لەندەن : ئاژانسەکان : ڕۆژی ١٠–٩ لە لەندەن بلاوکرایەوە کە ڕژێمی ئەردەن چەك و تفاق و ساروخ و ٤١ تانکی بەرەگەز پەرستانی خواروی ئەفەریقا فرۆشتوە •

ڕۆژنامەی گاردیان کە لەلەندەن دەرئەچێ چەند بەلگەو وێنەیەکی بلاوکردۆتەوەدەربارەی ئەو چەکەی کە ئەردەن بەرەگەز پەرستانی خواروی ئەفەریقای فرۆشتوە لەگەڵ ئەو پەیمانەی کە لیوازید بن شاکر سوپاسالاری ئەردەن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە ڕەگەز پەرستە مۆری کردوە •

ڕۆژنامەکە لەو باوەڕە دایەکە ئەو چەکە تازانە بەهۆی خواروی ئەفەریقاوە ئەگاتە دەست ڕەگەز پەرستانی ڕۆدیسیا وەکو زانراویشە ئەردەن کاتی خۆی ئەم چەك و تفاقەی لە بەریتانیا وەرگرتووە •

institut kurde de paris

ریکەوتنی - البریمی - مەرامە گومان لێ کراوەکانی

رێژیمی سعودی و شێخ کۆنە یە رستەکانی "خلیج" رسوا ئەکات

ماوەیەك لەمەوبەر هەر دوو رێژیمی ئالقە لەگوێی ئیمپریالیزم ، رێژیمی سعودی و دەولەتی میرنشینەکانی عەرەب، ریکەوتنێکیان دەربارەی ناوچەی (البریمی) مۆرکردوە .. ئەو ناوچەیە چەند ساڵیك بوو ، ببو بەهۆی دروست بوونی (گوایە ناکۆکی !!) لەنێوان رێژیم و شێخ نشینە کۆنەپەرستەکانی خلیج چونکە ناوچەیەکی ستراتیجی یەو نەوتێکی زۆرو زەبەندی تیدایە

وەبەیاننامەیەکی دوو قۆلی کەدەربارەی ئەم ریکەوتنامەیە بڵاوکرایەوە وتی :-

وەزیری دەرەوەی پورتوگال دەربارەی سەر بەخۆیی "مستعمرە"کانی ئەدوێ

پاشماوەی ژمارەی پێشو :-

لە ژمارەی پێشوی هاوکاریدا بەشی یەکەمی ئەو وتووێژەمان پێشکەش کردن کە کۆڤاری دێرشپیگلی ئەڵەمانیای رۆژئاو لەگەڵ ماریو سواریزی سکرتیری بارتی سوشیالیستی و وەزیری دەرەوەی پورتوگالی کردبوو ..وا لە ژمارەی ئەمجارەش دا دو بەشی ئەو وتووێژەمان کرد بەکوردی و پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی ئەکەین .

● عبدالقادر عزیز ●

دێرشپیگل :- وامان بیستوە کە ئیستگەی رادیوی بەرەی رزگاریخوازی مۆزەمبیق داوای لە سەربازە ئەفەریقاییەکان کردوە کە ریزی لەشکری پورتوگال بەجێ بهێڵین .. رادیۆکە وتویە ، هەرسەربازێك وانەکات لە پاشە رۆژا سزا ئەدرێ ؟! ئێوە ئەڵێن چی ؟

سواریز :

شەڕ بنچینەیەکی نەگۆڕاوی نیەو هەمووشتێکیش لە دۆخی وا ئەگۆنجێ رووبدات.. بەڵام باش بزانە کە ئەو قسەیە بە یەگجاری ساغ نەبۆتەوە کە ئایا ئەو ئیستگەیە وای وتوە یان نا ؟ ئێمە لە گینیا - بیساوو مۆزەمبیق دا هەستمان کردوە کە ئەو- حساسیە - تە کەم بۆتەوەو هەمووشتێ بەرەو باشی ئەڕوات.. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کەوا بوو بە (١٣) ساڵ لەومستعمرە - انە دا شەڕە .

شپیگل : سپیەکان ، لەمستعمرەکانی پورتوگال دا وا هەست ئەکەن کە پورتوگال خیانەتی لێ کردن و دەستی بەزاخا کردن ئێوە چۆن بۆ ئەمەسەلەیە ئەچن ؟!

سواریز : ئەگەر ئەوکەسانەباوەڕیان بە دروشمەکانی حکومەتی پێشوی پورتوگال هەبێ ، ئەوا ناهەقیان نیەو خیانەتیان لێ کراوە .. بەڵام کێ خیانەتی لێ کردون ؟ بێ گومان حکومەتی سالازاروکاتیانو ئەو دوو حکومەتەی کە ئەیانوت ئەنگولا هەریمێکی پورتوگالەو مستعمرە - نیەو واشیان ئەزانی کە ئەتوانن بەگژ هەق و عەدالەت و جیهاندا بچن .

شپیگل : پاشە رۆژی ئەوسپی یانە چی ئەبێ ؟!

سواریز : ئەگەر بەدڵسۆزی یەوە ئیش بکەن و ریزی یاساو سیستەمی دەولەتە تازەسەربەخۆکە بگرن ئەوا نابێ بترسن و مەسەلەکە زۆرناساییەو هیچ رونادات ، بۆ نموونە لە گینیا - بیساو ،بزوتنەوەی رزگاریخواز داوای لێ کردین کە بسپۆڕانی کشتوکاڵ و تەکنیکی و پزیشك و ئەندازیارەکانمان نەکێشینەوەولەوێ بمێننەوە چونکە گینیا - بیساو ئیشی پێیانە .

شپیگل : سەرەڕای ئەوە ،پورتوگال ئەبێ چاوەڕوانی ئەوەبێ کە زۆر لە سپی یەکان ئەیانەوێ بگەڕێنەوە ولاتەکەی خۆیان کە پورتوگالە .. کەوابوو چی ... ن و چی نان بە دەستەوەیە ؟!

سواریز : ئەمە یەکێك لەوگیروگرفتە نابوری یەی درو ... ی دێن و چارەسەرکردنیشی ئاسان نیە ، چونکە مەسەلەی بەدەنیا گەڕانەوەی کوچ کردوە سپی یەکان نیە ، بەڵکو (٢٠٠) هەزار سەربازو ئەفسەریش جگە لە کریکارو پسپۆرو تەکنیکی یەکان ئەگەڕێنەوە بۆ پورتوگال.. ئەمانە هەموویان پێویستیان بە ئیش کردن هەیە.. بێ گومان بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە (ظاهرە) وابێویست ئەکات کە سەر لە نوێ بینای ئابوری پورتوگال دەسکاری بکرێ و بۆ ئەمەش هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابوری خەریکی سازکردنی نەخشەو لێکولینەوەیەکن لەمرۆوە .

شپیگل : لە مەیانی ئابوری یەوە کە مۆزەمبیق و گینیا - بیساو سەربەخۆیی وەرگرن پورتوگال سەری سوك ئەبێ .. بەڵام ئەنگولا نەوت وزیپو ئەڵماس و قاوەی زۆرەو کە لە دەستتان دەرچێ زیانێکی دارایی زۆر لە پورتوگال ئەکەوێ ... باشە ئیوە ئەتوانن دەست لە ئەنگولا هەڵگرن کە ناوەکو ئیستا گرنگترین سەرچاوەبووە کە پارەی گران بەهاتان (العملة الصعبة) لێوەدەست کەوتووە ؟!

سواریز : ئەو هەمووپارەیەی دەستمان ئەکەوت بەقەدەر ئەو مەسرەفە نەبوو کەلە شەڕدا ئەمانکرد ... ساڵی (دوو ملیار مارك) مان لەشەڕدا خەرج ئەکرد ... ئەوەی لە کۆتایی هێنان بەشەڕدادەستمان ئەکەوێ ، ئەوەندەی ئەو پارەیە ئەبێ کە خەرجمان ئەکردو ئەچووە گیرفانی ئەمەریکاو ئەڵەمانیا و ئینگلیزەکان .

شپیگل : ئایا لە پاشەڕۆژی لشبونە یارمەتی ئابوری بۆ - مستعمرە - کانی پێشوی ئەنێرێ ؟!

سواریز : باری ئابوریمان زۆر تەواو نیەو دەرامەنیشمان ئەوەندە نیە جا ئەبێ ئەم لایەنەلەبەرچاو بگیرێ .. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەپێی توانا یارمەتیان ئەدەین .

لاپەڕە -٢-

ریکەوتنی - البریمی - مەرامە گومان لێ کراوەکانی

رێژیمی سعودی و شێخ کۆنە یە رستەکانی "خلیج" رسوا ئەکات

دانا
لە گۆڤاری « الهدف »ەوە
وەری گرتووە

« پاشای سعودی یەو سەرۆکی دەولەتی میرنشینەکانی عەرەب بوردی لە بری خلیج کولیونەتەوەو ئامادەیی خۆیان نیشان داوە بۆ کۆمەکو هاوکاری کردن لەگەڵ برایاندا کە ناوچەی خلیج لە بنەڕەتی پاراستنی ئەو ناوچەیە ستراتیجیەی جیهان لەو بزوتنەوە (لەبێ لادەرانی !) هیچ پەیوەندیەکیان بە ئایدی ئیسلامەوە نیە ، ئەو ئایدی ئەدڵو دەروونی رۆڵەکانی ناوچەکەدا ڕەگی داکوتاوە .. هەروەها ئامادەن هاوکاری بکەن لە بنەڕەتاو جێگرکردنی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو پەوەندانی ! » .

بەم جۆرە لە پریکدا رێژیمی سعودی و میرو شێخە کۆنەپەرستەکانی خلیج ئەبن بەدڵسۆزی بەرژەوەندی ئەو ناوچەیەو ئاسایش و ئاسودەیی و پاراستنی لە بزوتنەوەو بیروباوەڕی لە ڕێ لادرانە (کە ئەمەریکاو ئینگلیز ناگرێتەوە) ..

هەر کەسێك کە تۆزقاڵێك شارەزایی هەبێ و ئاگاداری وەزعی ناوچەکە بێ بەباشی مەرامو مەبەستی ئەو بەیاننامەیەو ریکەوتنامەکەی (البریمی) بۆ دەرئەکەوێ ، ئەومەرامەی کە شیخ زاید لە کاتی پێشوازی کردنی میر فهد عبد العزیزی سعودی دا درکاندی وتی :- ئەو بەیەك گەیشتنەمان بەشداری ئەکات لەیەکخستنی یەکێتی ریزی عەرەب و یەکگرتنی لەوقۆناغەدا .. بەرژەوەندی چارەنووسی ئیمە یەکەولەیەکتری هەڵناباڕێ

راستە بەرژەوەندی ئەو دوو رێژیمە ئالقە لەگوێیە یەکەو مەترسی یەکیش هەیە هەڕەشەیان لێ ئەکات و وایپویست ئەکات ریزیان بدۆ یەکبخەن مەترسی یەکەش ئەو شۆرشە مەزنەیە کەسەرانسەری زەفارو عوممان و خلیجی گرتۆتەوەو بەهەموو کۆنەپەرست و کاسەلێسانی ناوچەکەو دوژمنان کەپ ناکرێتەوە .

رۆژنامەی - الحوادث - کە لە بیروت دەرئەچێ لە ژمارەی رۆژی ٩ی ئاب دا دەربارەی ریکەوتنی (البریمی) نووسیبوی :

بەم پێیە پەردە بە سەر مەسەلەیەکی سیاسی گرنگدا دادرایەوە مەسەلەیەك کەوابوو بە ٢٥ ساڵ لەخلیج لە ئارادایە» هەروەها أحمد خلیفە سویدی وەزیری دەرەوەی میرنشینەکان لە ٢٠ی ئاب دا وتی : ئەم ریکەوتنامەیە ئامۆژەیەکی قرەوانی هاوکاری کردن نەك هەر لەبەردەم میرنشینەکانو سعودیەدا بەڵکو لەبەردەم ناوچەی خلیج و دوورگەی عەرەب دا ئەکاتەوە .

ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەگەر سەرنجێك لە بەشێکی تری بەیاننامە دوو قۆلیەکە بدەین چەند لایەنێکی تری نهێنی ئەو ریکەوتنەمان بۆ دەرئەکەوێ . بەیاننامە کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ وتبوی :-

دەربارەی - البریمی - ناکۆکی یەکی توند لە نێوان ابو ظبی و سعودی یەدا هەبوو .. چونکە هیچ لایەکیان ئامادە نەبوون لە هەڵوێستی خۆیان

پاش گەز ببنەوە .. بەڵام هەست کردن بەو مەترسی یەی هەڕەشە لەناوچەکە ئەکات وای پێویست کرد کەئەو مەسەلەیە چارەسەربکرێت ..

جا ئەگەر ئەوقسەیەش بێنینەوە یاد کەسویدی لە ٢١-٨-١٩٧٤ دا دەربارەی - البریمی - کردی وتی : ئەمە مەسەلەیەکی سنورەو ئەوەندەم گرنگ نیە !.. بۆمان روون بەبێتەوە کە مەرامەکە لە چوارچێوەی پەیوەندی و سنوری نێوان دوو رژیم بەرەو مەیدانێکی فراوانتر نەچێ .. جۆ نەگەر زیاتر لەمەسەلەکە وردتر بینەوە ئەبێ بپرسین و بڵێین .. کەوانا هۆی راستەقینەی ئەو ناکۆکی یە چی بووە . وە بۆچی لەم قوناغە گرنگەی خلیج دا وابە دەستوبردی چارەسەر نەکرێت ؟! وەڵامی ئەم پرسیارانەش پێویستی بەوە هەیە کەسەرنجێك لە باری ناوخۆو دەرەوەو رووداوەکانی ناوچەکە بدەین :-

لە ساڵی ١٩٦٨ دا کە پارتی کریکارانی ئینگلیز لە سەر حوکم بوو ، بەریتانیا رایگەیاند کە لە ناوچەی خلیج بکشێتەوەو لە ساڵی ١٩٧٠ دا بەڵینە کەی هێنایە دی ... بەڵام چۆن ؟ یەکێتی میرنشینەکانی عەرەبی لە شەش میرنشین پێك هێنا (أبو ظبی ، دبی ، فجیرة ، عجمان ، ام القیونی ، شارقة) . بۆ ئەوەی ئەم میرنشینانە بنکەو دارەدەستی ئیمپریالیزمی بەریتانیا بن لە ناوچەکەدا هەروەها بەریتانیا رێگای دا کە ئەمەریکا شوێن پێ لە خلیجدا بۆ خۆی بکاتەوە . وە بە ئۆزمەکی قابوس ، رژیمی ئێران دەستی بەسەر سێ دوورگەی خلیج داگرت .. جگە لەمەش ئەدوارد هیث سەرۆکی پارتی کۆنە پارێزی (محافظین) بەریتانیا جارێکیان پارتی کریکارانی بەوە ناوانبارکرد کە گوایە لەبەر خاتری ئەمەریکا بەرژەوەندیەکانی بەریتانیای لە خلیج و ئەفەریقاو چەند ناوچەیەکی ئاسیادا خستۆتە پشت گوێ .. وە پارتی کریکارانی بەریتانیا بۆتە دەمراستو وەکیلی بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا لە بازاڕی ناوکۆیی ئەوروپاو رۆژهەلاتی ناوەراست و دوور (هەروەکو رۆژنامەی الحوادث لە ژمارەی رۆژی ٢٣ی ئابی ١٩٧٤ دا بڵاوی کردەوە) بەم پێیە ئەگەر ئاغاکان ریکەوتن وایپویست ئەکات کە نۆکەرو کاسەلیسەکانیش گیروگرفتی نێوانیان چارەسەر بکەن .. لە سەرەتای

بروانە ل ٧

سپی یە رەگەزیە رستەکان چی بان لەگەلی مۆزەمبیق ئەوێ ؟

لە کاتێکدا ، هەفتەی رابوردوو گەلی مۆزەمبیق و رای گشتی دنیا خەریکی پێشوازی کردنی هەواڵی ریکەوتنی پورتوگال و بەرەی رزگاریخوازی مۆزەمبیق (فریلیمو) بوون .. ئەو ریکەوتنامەیەی کە سەربەخۆیی تەواو بەو کەلە دڵێرە ئەدات کەوا بوو بە ١٠ ساڵی رەبەق و شورشێکی ئازادیخوازانەی بەرپا کردوە .. لە گەڵ ئەمەدا رۆژی ٨-٩ ئازانسە کانی دەنگوباس کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵی یاخی بوونی سپی یە رەگەزپەرستەکان لە شاری مورینکو مارکیسی پایتەختی موزەمبیق و گوایە ئەمەرەگەز پەرستانە دژی ئەوریکەوتنەن و نایانەوی بەرەی (فریلیمو) رابەری گەلی موزەمبیق بێت . هەروەها زانراو یاخی بووەکان دەستیان

هەروەها بەیاننامەکە وتی :حکومەتی پورتوگال هەوڵ ئەدات کە بەبێ کوشتارو توندوتیژی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات . وەئەو قسەیەی ر ادیوی یاخی بووان ئەیکات راست نیە وهێزی چەکداری پورتوگال لە مۆزەمبیق نەچۆتە پاڵ یاخی بووان و کۆمەکیشیان پێ ناکات .

وەسەر لە ئێوارەی هەمان رۆژیش رادیوی یاخی بووان پێی لێنا کە لە ناوچەرگەی پایتەختدا خەڵکی بەگژیاندا ئەچێ و ئاژانسەکانی دەنگوباسی وائەگەیەنن کە قوتابیان خەریکی هاندانی خەڵکن بۆ ئەوەی چەك هەڵگرن و بەگژ یاخی بووەکاندا بچن .

وە رۆژی ٩-٩ سکرتیری سەرەك وەزیرانی پورتوگال بە بەسەر ئیستگەی رادیوو پۆستەوتەلگراف و شوێنە گرنگەکانی تردا گرتوە ..

لەولاشەوە حکومەتی پورتوگال کەوتە خۆو فرمانی بۆ لەشکرەکەی دەرکرد کە بەرەومورینکو مارکیس بکشێ بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو یاخی بوونە .

یاخی بووەکان لە ئیستگەوەچەند بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تیایدا ناوی خویان نابوو بە - سوارەکانی مردن - فرسان الموت - وە ، وەزیری دەرەوەی پورتوگالیان بە خاین و تاوانکار دانا ، گوایە چونکە ئەو ریکەوتنەی مۆر کردوە .. رویتەر ئەڵی ئاگاداران ئەوە بەدوور نازانن کە یاخی بووەکان حکومەتێکی وەختی دابمەزرێنن گەل و وڵاتی مۆزەمبیق دووچاری چەندین گیروگرفتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بێت .

وە لە لشبونە حکومەتی پورتوگال بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە تیایدا وتی :-

کەمایەتیەکی کونەپەرست لەمۆزەمبیق بە ریکەوتنەکەی لۆساکا قایل نەبوون و لەناوچەی مارکیس چەند جارێك یاسایان پێشیل کردوە ، هەروەها ٢٠٠ کەسیان لە بەندیخانەکان بەرەڵلا کردوە کە لەمەوبەر نوکەری دەزگای پولیسی سیاسی پورتوگال بوون و چەندتومەتێکیان لەسەر اسپات بووە .

رۆژنامە نووسانی وت کە حکومەت بەردەوام پەیوەندی بە سامورا ماشیل - سەرۆکی بەرەی رزگاریخوازی موزەمبیق ئەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەومەسەلەیە بەدەستوبردی .

لە لایەکی تریشەوە پاش نیوەرۆی ٩-٩ لە شکری پورتوگال لە شاری پییر تەقەی لە هەزاران سپی یە رەگەز پەرستەکان کرد کە کۆببونەوەیەك ناڕەزای دەربڕین دژی سەربەخۆ بوونی مۆزەمبیق .

وە دەربارەی ئەو یاخی بوونە بەرەی رزگاریخوازی مۆزەمبیق (فریلیمو) بە یاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا وتی: جەنگاوەرانی بەرە کە خاوەنی مۆژویەکی پڕ شانازینو هیچ کاتێك لە قوربانی دان سڵ یان نەکردۆتەوە ئامادەیە بە هاوکاری کردن لە گەڵ حکومەتو لە شکری پورتوگال یاخی بوونی رەگەز-پەرستان پوچەڵ بکەنەوەو دەرسێکی باشیان دابدەن .

هەر چی چونێك بێت .. ئەمەمەسەلەیە قوڵەو هەویرەکەی ئاوێکی زۆر ئەکێشی .. بەڵام ئیمە لەوە دڵنیاین کە گەلی دڵێری مۆزەمبیق زۆر لە پیلانی دوژمن بە هێزترەو چۆن وا بوو بە دە ساڵ خەباتی چەکدارانەی کردو سەریش کەوت ئەئاواش بەسەر ئەو جموجۆڵیەی دوژمنانا سەر ئەکەوێ و ئەو دەست کەوتانەی ئەپارێزی کەوەدی هێناون .

● سەیوان ●
ئامادەی کردوە

دوورگەی "قبرص" لە نێوان نەخشەکانی تورکیاو بێ دەنگی یۆنان و جم و جۆڵی پەیمانی ئەتلەسی دا .

سەرۆکی یۆنان

سەرۆکی تورکیا

هەرچەندە تورکیا ئەو هەیەستەی لە قبرص دیاری کردبوو تارادەیەك هێنایەدی و ئیستاش پێویستی بەوە نەماوە کە شوێنی تر دابگرێ بکات وەهەرچەندەش یۆنان رایگەیاند کە نیازی نیەنەلە قبرص و نە لە سەر سنوری هەردوو دەولەتدا شەڕ لەگەڵ تورکیادا بکات .. لەگەڵ ئەوەش دا شەڕی قبرص هەر بەردەوامە .. بەڵام بەشێوەیەکی ترو لە قۆناغێکی تردا .

ئاگاداران وا پێش بینی ئەکەن کە دوور نیە یۆنانیەکانی قبرص دژی لەشکری تورکیا دەست بەشەڕی چەتەگەری بکەن .. دوور نیە ئەم هەنگاوەش سەرلەنوێ گیروگرفتی عەسکەری لە دوورگەکەدا بەرپا بکاتەوە !

چونکە تورکیا ٤٠٪ی زەوی و زارە بەیت و بەرەکەت و ناوچە کشتوکاڵی و هاوینە هەوارەکانی داگیرکردوەو یۆنانیەکانی (قبرص) یش ناچار بوون ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن و ڕوو لە شوێنی تر بکەن .. وە ئەو شوێنانەی بەنایان بۆ بردوە ئەوە بەداهات نیەو کشتوکاڵێکی ئەو تۆی تیادا ناکرێ کەتیادا بحەوێنەوە یاخود ئیش و کاریان تیایدا دەست بکەوێ .

جگە لەمەش ناوچە بیشەسازی یەکانی دەوروبەری نیقۆسیاو فاماگوستا ئەژێر کونترۆڵی تورکیا دایە . ئەمەش وای لە لاوانی گیرینیاو فاماگوستاو مورفوو میرتوو لادێکانی ئەو ناوچەیە کردوە کە لە ترسی لەشکری تورکیا دەربەدەر بوون ، پەنا بەرنە بەرلەشکرو لەریزیدا ئیش بکەن بۆ ئەوەی ژیانیان مسۆگەر ببێ و بحەوێنەوە .

لەلایەکی تریشەوە شەڕی دیپلوماسی لە نێوان ئەو ولاتانەدا دەستی پی کردوە کەراستەوخۆ پەیوەندی یان بەمەسەلەی (قبرص)ەوە هەیە یاخود دەستیان لە هەڵگیرسانی ئەو کێژاوەیەدا بووە . بۆ نموونە ئەمەریکا ئارادەیەك دلگیرو ناڕەحەت بووە ..

چونکە بەپێی راپۆرتو ئاگاداری پەنتاگۆن حکومەتی کۆستانتین کارامنلیس ئەیەوێ بەیەگجاری لەپەیمانی ئەتلەسی و پاشکۆیەتی وڵاتانی رۆژئاوا بچێتە دەرەوەو پەیمانی دۆستایەتی و دەست درێژی نەکردنە سەر وڵاتانی تر لەگەڵ دەولەتانی بەلقان دا ببەستێ .

بێ گومان ئەم هەنگاوەی یونان پەیمانی ئەتلەسی ئەشیوێنێ و ئەمەریکاش بەمەسەلەی (قبرص)ەوە هەیە ناڕەحەت ئەکات .. جابویە کاربە دەستەکانی کۆشکی سپی واشنتۆن و پەنتاگۆن کەوتونەتە خۆ بۆ داخستنی ئەو دەرگایەی یونان بەونیازە بیکاتەوە .

وە لە مەیانی وتووێژی نێو دەولەتانیش دا مەسەلەکە ئەم شێوەیەی وەرگرتووە :-

پرۆژەیەك پێشکەش کرا دەربارەی کۆبونەوەی هەر پانزە وڵاتی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش دا لەگەڵ یونان و تورکیا بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی قبرص . یونانیەکان پرۆژەکەیان پەسند کردو تورکیا پێی قایل نەبوو .. سەرلەنوێ یونان وتی ئەگەر ئەو پرۆژەیە پەسند نەکرێت ئەوا داوا ئەکات کەمەسەلەی قبرص لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا باس بکرێت و رەئوف دنکتاشی سەرۆکی تورکەکانی قبرص وتی : کەیونان ئەو ئیشە بکات ئەوا تورکەکانی قبرص ناچار ئەبن کە (کۆماری تورکەکانی قبرص پێك بهێنن . واتە مەسەلەکە وای لێ هات :-

هات :-

١ - یۆنان نایەوێ وتووێژی پروانە ل ٧

institut kurde de paris

خواجە فەندی

جەمال بابان

-١-

یەکێکە لەو مامۆستا هەڵکەوتوە دانایانەی کورد کە بەرەی بەقوتابخانە ئاینیەکان (حوجرە) داو پرۆگرامەکانی پێش‌خست لەسەر شێوەیەکی نوێ‌بەلکو بەدامەزرێنەری یەکەم قوتابخانەو دانەری بەردی بناغەی دائەنرێت لەناوچەی سلێمانیدا ٠

چەندەها پیاوی گەورەو ناودار لە کاتی خۆیدا لەسەر دەستی ئەمامۆستا مەزنەدا خویندویانە وەك سەعید پاشای خەندان کە بوو بە سەرۆکی شورای دەولەتو وەزیری دەرەوەی گشت ولاتی عوسمانیو حاجی مستەفا پاشای‌یامولکی ومێژووناسی مەزنو رۆلەی خۆشەویستی کورد خوالی‌خۆشبوو ئەمین زەکی بەگو شێخ مەحمودی نەمرو زۆری تر کە هەمو گەیشتونەتە پایەی گەلێك بەرز٠

(خواجە فەنی) ناوی عەزیز کوری عوسمان ئاغا کوری رەسول ئاغای گەلالیو لەنەتەوەی خان ئەحمەد خانی میری ئەردەلانە کە کوڕی هەڵزخانەو لە ساڵی ١٦٠٥ (١٠١٤ك) دافەرمان‌ڕەوایی ناوچەی ئەردەلانی لە ئیران‌گرتە دەستو لە ساڵی (١٠٤٦) دا لە موسل بەنەخۆشی کۆچی کرد ٠

خواجەفەندی لە ساڵی ١٨٤١ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دیناوە ، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبوە شەش ساڵان کەچاوی بەخوێندنو نوسین رشت٠ بەڵام لەتەمەنی‌دەساڵاندا عەزیز لەناو هاوڕێکانیدا سەری زیرەکیو چاپوکی هەڵدا ، ئەمێش یەکەم بەهۆی کۆششی مامۆستای بەرزی (مەلا عەزیزی زنزلەیی) لەگەڵیداو دوهەم سەبارەت بەتواناو کۆششی خۆی ، هەر بەم جۆرەش رۆیشت تاکو خوالیخۆشبوو حاجی کاك ئەحمەدی شێخ زۆر ئەم گەنجەی بەدڵاچوو بەجۆریك داوای لێکرد کە قوتابخانەیەك بکاتەوە بۆ فێرکردنی رۆڵەکانی وڵاتەکەی ، ئەمەش ساڵی ١٨٦٠ بوو ٠

عەزیز لەسەر ئامۆژگاری شێخی کەورە هەستا خانوەکەی ماڵی باوکی‌کرد بە قوتابخانەو ئیتر پۆل پۆل قوتابی رووی‌یان تێ‌کرد کە ئەمە ئەوەندەی تر خاوەنی قوتابخانەی هان دا کە زیاتر دەماخ بسووتێنێو خۆی لەگەڵیان خەریك بکات ٠

قوتابخانەکەشی بەم جۆرە رێك خست :

پۆلی‌یەك : ئەم پۆلەی بۆ فێرکردنی سەرەتای قورئانی پیرۆز ،وتەکانی پێغەمبەر (د) ، خۆش نووسیو خوێندنی (تومار) تەرخان‌کرد ٠

پۆلی دووم : ئەم پۆلەی بۆ خوێندنو فێربوونی ئەم باسانە تەرخان کرد ٠

١ - خوێندنی‌دیوانو کتێبەکانی خواجە حافزی شیرازی ، شێخی سەعدیو ئەوانی تر ٠

٢ - خوێندنی مێژووەی کۆنو نوێی ئیران ٠

٣ - فێرکردنی رێنووس بەزمانی فارسیو عەرەبی ٠

٤ - نووسینو خوێندنەوە بەزمانی نورکی لە هەفتەیەکدا دوجار ٠ ٠

٥ - وتنەوەی فەرهەنگی (ئەحمەدی) کە فەرهەنگیکی عەرەبی کوردی‌یەو شیخ مارفی نودێ بۆ حاجی کاك ئەحمەدی کۆری داناوە کە فێری عەرەبی ببێ پێی ٠

خواجە فەندی بەم جۆرە رۆیشت تا ساڵی ١٨٧٠ ٠

بەڵام لەو ساڵە بەدواوە ، پەرەی زیاتر بە قوتابخانەکەی سەند ، پۆلی سێو چواریشی کردەوە ، ئەمانەتان لە ژمارەی داهاتوودا بۆ باس ئەکەم ٠

ماویەتی

پاراندنەوە

نووسینی : تاگوور
(تەها بابان) لە فارس‌یەوە کردویەتی بە کوردی - لە لایەن خوشکە (ژیان)ەوە نێرراوە -

خوای گەورە !

نەمکەیت بە قەساب ، بۆ ئەوەی مەڕ سەر نەبڕم نەشمکەیت بە مەڕ قەساب سەرم ببڕێت ٠

یارمەتیم بدە کە بوێرم روو بە رووی زۆردارو دەسەڵات - دارەکان هەق بڵێم ٠

ناهەقیش نەڵێم بۆ ئەوەی بێ دەسەڵات وبەسزمانەکان چەپڵەم بۆ لێ بدەنو هەمیشەش بتوانم ئەو دیوی وێنە ببینم ٠

نەهێڵیت هەرگیز وشەی ناپاکی بخەمە پاڵ ئەوانەی کە بیرو رایان لەگەڵ منداینیە ٠

ئەگەر دەوڵەمەندت کردم بەختیاریشم بدەرێ ٠

ئەگەر هێزو توانات پێ دام غامم لێ مەستێنەرەوە ٠

ئەگەر سەرت خستم بێ فیزیم مەبەرەوە ٠

ئەگەر بێ فیزیشت پێ بەخشیم شانازیم بە کەرامەتەوە لێ وەرمەگرەوە ٠

فێرم کە چۆن خۆم خۆش ئەوێت خەڵکیش واو ، رەخنە لە خۆم بگرم وەك چۆن لەوانی ئەگرم ٠

تێم بگەیەنە کە لێ خۆش بوون ئەو پەڕی‌تواناو پتەوی‌یەو حەز کردن لەتۆڵە سەندن یەکەم نیشانەی لاوازی وهیچ لەبارا نەبوونە ٠

نەکەی باییم بکەیت لە سەرکەوتندا ، یان ورەم بێ بەر بەیت لە ژێر کەوتندا ٠٠٠ هەمیشە ئەوەم بخەرەوە یاد کە ژێر کەوتن پێ‌پلیکەی سەرکەوتنە ٠

ئەگەر نەبووت کردم قەناعەتیشم لەگەڵیدا بەرێ ٠

ئەگەر لەسەر کەوتنت بێ بەش کردم هێزی کۆڵ نەدانو سوور بوونم تیا بەجێ بهێڵە تا سەر کەوم بەسەر ئەو ژێر کەوتنو تێك شکانەدا ٠

ئەگەر تەندروستیشت‌نەدامێ لە سوودی بڕواو ورەم بێ بەش مەکە ٠

ئەگەر دەربارەی خەڵکی خرابەم کرد ئازایەتی پاشگەز بوونەوەو داوای لێ بوردنم پێ بەبەخشە ٠

ئەگەر خۆ خەڵکیش خراپەیان بەرامبەر کردم دڵو دەروونی لێ بوردنم پێ رەوا ببینە ٠

دوا پاراندنەوەم ، یەزدانی پاك ! ئەوەیە کە لە بەزەیی‌و لێ بوردنو دان بە خۆ دا گرتنت بەبێ بەریمان نەکەیت ، ئەی بزورگی بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵات دارو بەتوانا ٠

لەبیرت دێت؟!

گیانە ٠٠ لە بیرت دێت ؟!
چەند جار ووتم ٠٠
هەستو ئەستم ٠٠
دەتپەرستم ٠٠ دەتپەرستم !
لە بیرت دێت ٠٠ چەند جار ٠٠
لە نێو کۆشی دڵداریتدا ٠٠ حەساەوە ٠٠
گەشامەوە ٠٠!
تێر تێر نووستم !!
لە بیرت دێت ؟! یاخود ٠٠ لە بیرت چوو ؟!
لێوی هیوام ٠٠
ماچی کوتمی سووری ئاسۆی کردیت ؟!
دەستی بڕوام ٠٠
پەنجەی ئاسکی ٠٠
بۆ مەمانی زەمی بردیت ؟!
لە ناوباغچەی خۆشویستندا ٠٠
رووانەوە ؟!
لە باوەشی ئارەزوودا ٠٠ تووانەوە ؟!
لە سەر بردی گەمەرانی ٠٠
بە ئەوینی خۆمان زانی ٠٠!
ملی رێگای رازو نیازی ٠٠ داهاتوومان ٠٠
جوان گرتبوو ؟!
پەساپۆرتی گیشوەرکی ٠٠ بێ سنوورمان ٠٠
وەرگرتبوو ؟!
لە بیرت دێت ؟! یاخود ٠٠ لە بیرت چوو ؟!
ئێستا ٠٠ بۆچی ٠٠
رووی دڵداریت ٠٠ واهل چەرخاند ؟
کۆشکی هیوای دلت رووخاند ؟!
پەڕەی سەوزی نامەکانت ٠٠
خێرا سووتاند ؟!
شووشەی سەد بەئێن‌و سەد پەیمانت ٠٠
وەهاشکاند ؟!
لە فەرهەنگی ژینی کورتی دڵداریتدا ٠٠
ناوی منت سڕی‌یەوە !
سوخمەی رووەت سووری ژینت ٠٠
دڕی‌یەوە !
بۆچی وات‌کرد ؟!
لە هێلانەی بەهەشتی دل ٠٠
خێرا رات‌کرد ؟!
لەبیرت چوو !؟ چەند جار ووتم ٠٠
دەتپەرستم ٠٠ دەتپەرستم !

ئەکرم رەشید
تالەبانی

مامۆستا هێمن و دیوانی تاریك و رووناك

چەند ٨ ر سیارێك

● شنە ●
ئامادەی کردووە

گری ئەم رووەمەنەی نێو جوان‌و گەرمە
تریفەی مانگە شەو جوانیش بێ سارده

مامۆستا هێمن مامۆستایکی گەورەی شیعری کوردی‌یە هەر وەها لە پاڵ شاعیرێتی بەرزی خۆی وەکوو رۆڵەیکی کۆڵ‌نەدەرو خەباتگێری کورد ناسراوە ، وەهەڵکەوتنی شاعێرێکی وابەتواناو لەناو میللەتە کەمانا مایەی شانازی هەموو کوردێکە لە هەموو لایکی کوردستان شاعیری نەبەزمان هەمیشە ژیانی خۆی لەپێناوی بزوتنەوەی ئازادی خوازی میللەتەکەیدا بەگران نەزانیوە تەنانەت وازی لە هەموو خۆشێکی ژیانی تایبەتی خۆی هێناوە ، وەك لەو ماوەیەی ژیانی‌دا کە دەستی لە خۆشەویستەکەی خۆی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی‌زیاتر خۆی بۆ خزمەت کردنی بزوتنەوەی ئازادی خوازانی میللەتی کورد تەرخان بکات (هەر وەکوو لە سەرەتای دیوانەکەی‌دا ئەڵێ) ئەوەی راست بێ بەر هەر شێوەیەك باسی مامۆستا هێمن بکەین لەم لایەنەوە ناتوانین بە تەواوەتی مافی خۆی بدەینێ ، بەڵام بە باوەڕی من ئەو دێرەی کە نازم حیکمەت ووتوێتی تا رادەیەك بەسەر هێمنی ئینسانو شاعیردا ئەچەسپێنرێ ٠٠٠ نازم حیکمەت ئەڵێ :

(شاعیریان برد بۆ بەهەشت
ووتی : ئاخ نیشتمانەکەم)

ئەوەش لێرەدا بەئاشکرایی دیارەکە چۆن‌مامۆستاهێمن وازی لە ژیانی خۆشی‌و ماڵو منداڵ هێناوەو ژیانێکی ئاوارەوساکارانەی لە دوور وولات بۆ خۆی هەڵبژاردوە ٠ هێمن (سەید موحەمەد ئەمین شیخە ئیسلامی موکری) ناوی باوکی سەید حەسەنی شێخە ئیسلامی‌موکری بووەو دایکی ناوی زینەب‌و کچی شیخی بورهان بووە ٠ لە (١٩٢١ی‌ز) لە گوندی لاچین نیزیکی سابلاغ لە دایك بووە ٠

خوێنەری ئازیز

ماوەیەك لەمەو بەو مامۆستا هێمن گولبژێرێکی لە هەڵبەستە تەڕو پاراوەکانی کردە چەپکە گوڵێك‌و لە ژێر ناوونیشانی (تاریك‌و رون) لە دیوانیکی قەشەنگدا بڵاوی کردەوەو خستیە بەر دەستی خوێنەران ٠ جا بۆ ئەوەی زیاتر مامۆستا هێمنی شاعیرو ئینسان وئاواره بەخوینەوارانی هاوکاری‌بناسێنین بە پێویست زانرا چاومان پێی بکەوێ‌و گفتوگۆیەکی لە گەڵا بکەین ٠٠٠ بەڵام دوای تەڕان‌و بەلینی‌و چاوەروانی کردنێکی زۆر ، بە هەزار حال مامۆستا هێمن‌مان بۆ دۆزرایەوەو ئەو دانیشتنەمان لە گەلا کردو ، ئەم پرسیاانەمان ئاراستە کرد جا واپێشکەش بە خوێنەرانی بەرێزی هاوکاری ئەکەین :

پ : لە ژیان نامەکەتا دەڵێی ئەو قازانجەی کە لە شاعیریم کردووە ناوی دوورو درێژم لە کۆڵ بۆتەوە ٠٠٠ کە چی لە شوێنێکی تری ژیان نامەکەتا دەڵێی ناوی نهێنی حزبیم بوو ٠٠٠ ئایا پەیوەندی شاعیرێتی بە خربیتەوە هەبوو ؟

و : لەو کاتەی کە بووم بە حزبی من هەر شاعیر بووم وەلە بەر تەبیعەتی شاعیریم ناوی نهێنیم کرد بە هێمن کە بە تەبیعەت حەز لە بێ دەنگی‌و سولەو رابواردنم پێ خۆشە بۆیە ناوی هێمنم هەڵبژاردوە ٠

- بەڵام شاعیر هیچ کاتێك هێمن نابێت ٠٠٠؟!

- بە تەبیعەت حەز لەهێمنی ئەکەم بەڵام ئەگەر هێمنی بۆم نی‌یە ئەوە جیایە ٠

- یاوەك سالم لەبەر نەخۆشی ناوی خۆی ناوە سالم ٠٠ تۆش لە بەر ژیانی ئاوارەییت ناوی خۆت ناوە هێمن ٠

پ : دوای دەرچوونی دیوانەکەت ، ئایا هیچ شیعری ترت ووتووە ؟

و : باشن دەرچوونی دیوانەکەم شیعرێکی درێژم ووتووە کە کەم جار شیعری وا درێژم ووتووە ، وە ئەم شیعرە تەئسیری شیعری‌فارسی تێدایە وە هۆی وتنی ئەم شیعرەم ئەوە بوو کەسەستم بە جودایی‌و غوربەت ئەکرد وەتوانیم لەم شیعرەدا ئەو هەستە دەربڕم کە تیایا دەڵێم :

بشنەواز نەی‌چون حکایت‌می‌کند
واز جودایها شکایت می‌کند

O

ساقیا وا بادەوە وا بادەوە
روو لە لای من کە بەجامی بادەوە

O

نابێ قەت ناڵەی‌جودایی‌بێ‌نەسەر
جا چ‌نەی بیکا چ‌پیاوی دەربەدەر

O

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم کرد کەنەی‌نەی‌کردووە

O

شیوەنی من شیوەنی ئینسانی‌یە
بانگی نازادی‌وگروی‌یەك سانی‌یە

O

شیوەنی‌من‌شینی‌کوردی بێ‌بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی‌و هەشە

دوای ئەوەش‌شیعرێکم ووتوە لە مناجاتی مانگ‌دا کە لە ژێر ناوی (تریفەی سارده) دەڵێم :

بەڵێنی راگەیاندی راسپارده
گوتی‌بۆت دێتەبن‌ئەم‌پارده غارده
لەجێ ژوانێ لە مێژە چاوەڕێتم
نەهاتی کیژی جوانی هەڵبژارده
تەزوی گەرمم بەلەش‌دا دێ
ئەگەرچی
تەزاندی شان‌و پیلم بەردی‌پارده
وەرە بارەنگ‌و رووخسارت‌ببینم
بەمن چی تیشکی داوێ مانگی
چارده

پ لەگەڵ ئەوەی دڵداریت نەکردووە تەنیا ماوەیکی زۆر کورت نەبێ بەڵام شیعرە دڵداریەکانت وەکو ئەوەی کە تەجرەبەیکی دوورو درێژت هەبێ ، ئەمە بەچی لێکی ئەدەیتەوە ؟

و : هەر چەند لەو ماوەیە دا دڵداریەکەم لێ‌تێك‌چووە بەڵام هەستی راستەقینەی ئەو ماوەیە لەناخم‌دا ماوە ، چونکە بۆیەش بووم لەم نیعمەتە (حرمان) وای لێ‌کردم کە شیعرەکانم بەم جۆرە بێت ٠

پ : ئەگەر ئەدیب نەبوویتایە حەزت نەکرد ببیت بەچی ؟

و : زۆر دڵم خۆشە کە ئەدیبم وە ئەگەر نەبوومایە بە ئەدیب حەزم ئەکرد ببم بە ئەدیب ٠

پ : بەرای تۆ ئەدیبی ئیستای کورد تاج رادەیەك لە مستەوای مەسئولیەت دایە ؟

و : زۆریان توانیویانە بگەنە ئەنجام بەڵام کەممان توانیومانە مەسئولیەتی خۆمان جێ‌بەجێ بکەین ، زوورەی ئەدیبانی کورد باری سیاسی رێگەی گرتوون وانا هەر خەریکی ئەو دۆخە نالەبارەی کە کوردتیای بووە وە ویستویانە لەم لایەنەوە بگەنە ئەنجام بۆیە باری کۆمەڵا یەتیان لەبیر چووە کە لایەنێکی گرنگی ژیانەوە رەنگە بەلامەوە عەیبە کە بڵێین لەم سەردەمەدە لە باری کۆمەڵایەتی دا دوا کەوتوین ٠ بەڵام ئەبێ بەرەو باشتری بەرین ٠

پ : شنە نەبزیوی سەری بسکی رەشی
کە لەسەر رووەمەتی ئارامی گرت
گوێ مەدە ئەو قسە کۆنەی
کە دەڵێ

پرواندە ل ٧



شیزار ماینجۆ(١)
ئازاد کردویە بە کوردی

لە کۆتایی جەنگێکدا ٠٠٠ کاتێك جەنگاوەرێك مرد ٠٠ پیاوێك هات‌و پێی گوت :

- تۆ نامریت ٠٠ تۆم خۆش‌دەوێت ٠٠

- بەڵام بەداخەوە ٠٠٠ لاشەکە بە مردویەتی مایەوە !

جارێکی تر دوو پیاو هاتن‌ووتیان :

- بەجێمان مەهێڵە ٠٠٠ ورەبدەرەوە بەر خۆت‌و ٠٠٠ بگەڕێرەوە بەرەو ژیان ٠٠!

- بەڵام بەداخەوە ٠٠٠ لاشەکە بە مردویەتی مایەوە !

ئەو جا ٠٠ بیست ٠٠ سەد ٠٠ هەزار ٠٠٠ پێنج هەزار ، پیاو هاتن‌و هاواریان کرد :

- ئەم هەموو خۆشەویستی‌یە کەچی تۆ لە ئاستی مردنا ٠٠ دەسەڵاتت نی‌یە !

- بەڵام بەداخەوە ٠٠٠ لاشەکە بە مردویەتی مایەوە ٠!

ئینجا بە ملیۆنەها خەڵك‌دەورەیان گرت بەیەك دەنگ تکایان لێ‌کرد :

- ئەی برادەر ٠٠٠ بمێنەرەوە ٠٠!

- بەڵام بەداخەوە ٠٠٠ لاشەکە بەمردویەتی مایەوە !

ئەمجارە ٠٠ هەموو مرۆڤەکانی سەر رووی زەمین‌دەورەیان‌دا ٠٠ لاشەکە لەگەڵ سەرنجێکی‌خەماویا ٠٠ کەوتە جوڵەو ٠٠٠ تێی‌رواتین ٠٠ جەنگاوەرەکە ٠٠٠ بەهێواشی‌راست بۆوە ٠٠ یەکەم پیاوی گرتە باوەش‌و٠ دەستی‌کرد بە رۆیشتن ٠٠!

شیزار ماینجۆ : لە « پیرۆ »لە دایك بووەو شاعیرێکی ئیسپانیە ٠٠ یەکەم کەسە کەشیعری ئیسپانی لە کێش‌و سەروا رزگار کردوەو فۆرمو ناوەروکێکی تازەی داوەتێ بەڵام بەداخەوە تا ئێستا شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنوسراوە ٠٠

لاپەڕە -٣-

institut kurde de paris

چەند پرۆژەیەکی یەردە وکشتوکاڵ وخزمەت گوزاری لە کوردستان

لیژنەی ئاوەدان کردنەوەی ژوورو دارای لە لایەنەلیژپرسراوەکان کردوە کە ٢ ملیۆن و ٥٣٥ هەزار دینار بۆ دامەزراندنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ وریگاو بان و خزمەت گوزاری لەکوردستاندا تەرخان بکریت .

وە سەرچاوەیکی لیژنەکە رایگەیاند کە ئەم پارەیە شەقامی سەرەکی شەقلاوە وئەو ریگایەی کە بەرەو دایەرەی ناوچەی ئاوەدان کردنی ژوورو ئەچێ لە هەولێر پێ قیر تاو ئەکرێ ، هەروەها باخێکی لەخانەقین پێ دروست ئەکرێ کە ٣١٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت . وە هەر بەم پارەیە کارکەی خشتی هەولێری پێ کەورەدەکرێ و وزەی بەرهەم هێنانی زیاد دەکرێ کە بۆ ئەمەش ٣٠٠ هەزار دیناری پێویستە ، وە بەم زووانەش ٢٨٢ هەزار دینار لەم پارەیە تەرخان ئەکرێ بۆ دامەزراندنی مەلبەندێکی پۆستە لە داقوق و بۆ گەیاندنی ناو بۆ ماڵەکانی کەشت و گوزارەی هاوینە هەواری حاج هۆمەران وقیرتاو کردنی شەقامەکانی سەرسەنگ و گەرەکی رەحیم ئاواو تەپە لە پاریزگای کەرکوک و دامەزراندنی خانوو بۆ مامۆستایان لە دهۆک وە هەر بەم پارەیەش کارەبا دەگەیەنرێتە پرۆژەکانی ئاوی ریزان و دەربەندی ناوی زیوە و چیمەنتۆ گردنی رووبارەکانی خۆشناو لە شەقلاوە پێ ئەکریت .

هەروەها ٣٢ هەزارو ٥٦٦ دیناری بۆ گەورەکردنی قوتابخانەی شەنگار و گەورەکردنی و پێشخستنی هۆڵی کۆبوونەوە لە کەرکوک لی تەرخان ئەکرێ . وە ئەوەی شایەنی باسە لیژنەی ئاوەدان کردنی ژوورو چەند پرۆژەیکی خزمەت گوزارەی تری جێ بەجێ کرد کە ٤ ملیون و ٤٧٥ هەزار دیناریان تێچووە ، وە (٩) ملیون و ١٠٠ هەزار دینار بۆ دامەزراندنی پرۆژەی تریش تەرخان کردووە .

کۆلیجی کشتوکال لە کوفە

وەزارەتی فێرکردنی بەرزو لیژەلینەوەی زانستی لیژنەیکی پێک هێنا بۆ ئەوەی لە پێوبستیەکانی کۆلیجی کشتوکالی کوفە بکۆلێتەوە وە ئەو لیژنەیە لە ئۆمەلێک مامۆستایانی کۆلیجی کشتوکال و زانستگای بەغدا پێکهاتووە .

وەلەلایکی تریشەوە رۆژی ٨-٩ کاك هشام الشاوی وەزیری فێر کردنی بەرزو لیکۆلینەوەی زانستی بەردی بناغەی کولیجی ناوبراوی دانا . ئەوەی شایانی باسە ئەنجومەنی فێرکردنی بەرزو لیکۆلینەوەی زانستی لە کۆبونەوەیەکدا بریاری دامەزراندنی کولیجی کشتوکال لە کوفە لەپاریزگای کربلا دابوو .

چاپ کراوی نوێ

ماوەیەك لەمەوبەر لەسەر ئەرکی کۆڕی زانیاری کورد مامۆستا (کمال جلال غریب) کتێبێکی بەنرخی چاپ کرد لەژێر ناونیشانی (فەرهەنگی زانیاری) دا ، کتێبەکە بریتیە لە ٤٣٨ لاپەڕەو بە هەزاران زاراوەو وشەی کوردی و عەرەبی تیدایە .. مامۆستای نووسەر بەو بەرهەمە نایابەی خزمەتێکی گەورەی بەزمان و کتێبخانەی کوردی کردو کەلێنێکی گەورەی پڕ کردەوە .

نووسەر دانەیەکی پێشکەش بەکتێبخانەی هاوکاری کردوە سوپاسی ئەکەین و هیوادارین رەواجێکی باشی هەبێ لەبازاڕی چاپەمەنی کوردیدا .

وتوویژی ئابوری نێوان عیراق وچین

لە هەفتەی رابوردوداوەفدێکی بازرگانی لە کۆماری چینەوە بەسەرۆکایەتی (چای شوفان) جێگری وەزیری بازرگانی دەرەوەی چینی کە یشتە وڵات .

وە لە ماوەی سەردانیانا کەهەفتەیك ئەخایەنێ دەربارەی بتەوکردنی بازرگانی و ئابوری و پیشەسازی لە نێوان هەر دوو وڵات دا وتوویژ ئەکەن ، هەروەها بۆ ئەوەی لەو ریککەوتنە بازرگانی و ئابوری وتەکنیکیانە بکۆلنەوە کە لە نێوان هەردوو وڵات دامۆرکراوە .

وە لەولیکۆلینەوانە دا وەفدی عیراق بەسەرۆکایەتی کاك (مهدی العبیدی) جێگری وەزارەتی ئابوری وە بەئەندامێتی بەرێوەبەری گشتی پەیوەندی بازرگانی دەرەوە و بەرێوەبەری دایرەی سۆشیالیستی لەوەزارەتی ئابوری وە نوێنەرانی دەزگاکانی بازرگانی و خورماوشت ئاردنەدەرەوە ئەبێ .

وە ئەوەی شایەنی باسە لەسەرەتای ئەمسالە دا وەفدێکی بازرگانی عیراق چو بوو بۆ چین بۆ ئەوەی دەربارەی پەیوەندی ئابوری هەردوو لاوتوویژ بکات .

٢٢ پرۆژەی یەلەوەربەریاسای پرۆژەی یەرەبێدان ئەکەوێت

وەزارەتی کشتوکال پێش-نیازیکی پێشکەشی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال کردووە بۆ ئەوەی ٢٢ پرۆژەی پەلەوەر بەریاسای ژمارە (١٥٧) بۆ ساڵی ١٩٧٢ ، پرۆژەی پەرەپێدان بکەوێت ، کە ٤٦ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت بەهۆی ئەم پرۆژانەوە پێویستی لە هیلکەو گوشتی مریشك دا مسۆگەر ئەکرێت لەم پرۆژانەش پرۆژەی (خالص) کەوزەی بەرهەم هێنانی ٦ ملیون مریشك ئەبیت کە ٦ ملیون دیناری تێ ئەچێت .

پرۆژەی بەسرا ١٢ ملیون مریشك بەرهەم دینیت و ئەمەش ١٢ ملیون دیناری تێ ئەچێت . وە (١٠) پرۆژە لە نەینەوی و دەرکوك و بیجی و تارمیە و انبارو بابل و صویرەو بەسراو میسان لە ساڵیکدا ٧٠٠ ملیون هیلکە دینە بەرهەم کە (٢٥) ملیون دیناریان تێ ئەچێت وە سێ جێگای هیلکەنانەوە لە خالص و دورەو بەسرا دائەمەزریت کە ٦٠٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت ، وە سێ قەسەبخانەی سەربەیتی مریشك لە خالص و سامراو بەسرا دائەمەزریت کە دوو ملیون و ٢٥٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت و کارگەیەك بۆ ئالفی مریشك لە (صویرە) دائەندریت کە ٧٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت .

هەروەها ئەنجومەنی کاروباری نەوت لە مانگی ئاداری رابوردوودا بریاری دا بو بۆ ئەوەی پرۆژەی اسحاقی و ابو غریب و یوسفیە و لطیفیە و غراف و پرۆژەی ٣٠ تموزو (دجیلە الکبیر) و (نهر سعد) بەر یاسای پرۆژەی پەرە پێدان بکەون .

ئەم هەفتەیە لە میژوودا

نەریمان

ئەم هەفتەیەمان کە لە ١٤ تا ١٩ی ئەیلول ئەگرێتەوە و ریکەوتی ٢٧ شەعبان تا ٤ی رەمەزانی تیدایە هەروەها ریکەوتی ٢٣ تا ٢٩ی گەلاوێژی کوردی یە ئەم رووداوە ئەو تیدا قەوماوە .

رووداوی کوردی :

لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٢٢ داڵە سلێمانی کۆنگرەیەکی میللی پێك هێنرا .

لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٠ دابەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری کوردی دامەزرا .

لە ١٥ی ئەیلوولی ١٨٨٠ داکوردانی (لاهیجان) لە کوردستانی ئێران شۆرشێکیان بەرپا کرد .

لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٧٢ داشاعیر فیض الله احمد (حاجی باقی - بەنگینە) کۆچی دوایی کرد .

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٥٩ داکۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان کورد لەشەقلاوە گیرا .

رووداوی عیراقی و عەرەبی :

لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٢ داسەرۆك کۆمار مهیب ئەحمەد حسن بەکر بەسەردانێك چو بۆ یەکێتی ی سۆڤیات .

لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٦٨ دادەزنایەکی نوێ کومپانیای نیشتمانی نەوتی دامەزرا .

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٤٨ دادانیشتوانی (کاظمیە) لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا داوای نان و بەرگیان کرد ، پۆلیس بەرەنگاری کردن ، لە ئەنجامدا ٨٨ کەس بریندار بوون .

رووداوی جیهانی :

لە ١٤ی ئەیلوولی ١٨١٢ داناپلیۆن شاری مۆسکۆی داگیر کرد .

لە ١٥ی ئەیلوولی ١٨٣٠ دابۆ ، یەکەم ریگای شەمەندەفەر لەنێوان (لیفرپول) و (مانچستر) ی بەریتانیادا کراوە .

لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦٣ دادەولەتی (یەکێتی مالیزی) لەیەك گرتنی دور ەی مالایژو ساراواك پێك هات .

لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٤٨ دازایۆنیستەکان ناوبری کاری نێو دەولەتان (کۆنت برنادۆت) یان کوشت .

١٩ ملیۆن دینار بۆ تەواوکردنی بینای زانستگای بەغدا ...

کۆمپانیای گشتی بەلێندان قۆنتەراتی تەواوکردنی (٥،٤،٣) ی قۆناغی زانستگای بەغدا بەشە ناوخۆیەکان کە جێگای ٤ هەزار قوتابی تێدا ئەبێتەوە لە وەزارەتی نیشتەجێ کردنی گرت وە بەلێندانەکە (١٩) ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت .

وە سەرچاوەیك لە وەزارەت رایگەیاند کە ئەم سێ پلەیە بریتیە لە بیناکانی خۆیندنی زانیاری و ئەندازیاری و هونەرە جوانەکان و کتێبخانەو بەرێوەبەرایەتی و خانووی سەرۆك زانستگا و یانەیك بۆ خوێندکاران وە نیاز وایە کە ئەم پلانە لە ماوەی (٤) ساڵ داتەواو ببن .

وە ئەوەی شایەنی باسە پلەی یەکەم و دووەم تەواو بووەو (٣) ملیون دیناری تێچووە . وە لەم دوو پلەیەدا بورجی زانستگاو بیناکانی (مخازن) وریگاو بانی ناو خۆکە بەشەقامەکانی سەرەکیان دەبەستیتەوە لەگەڵ بۆری ئاوی خواردنەوەو ئاودان تەواو بووە .

وە لە مانگی تەموزی رابوردوودا دەزگای لیکولینەوەی زانستی لە جادریە تەواو بووەو ملیۆنێك و ٦١٥ هەزار دیناری تێچووە .

هەروەها لەم پرۆژەیەدا (٤) بینای بەرێوەبەرایەتی کشتوکال و ئەندازیارو نەوت جێ بەجێ کراون .

بینای بەرێوەبەرایەتی لە چوار قات پێك هاتووە کە بریتیە لە ژوری بەرێوەبەراتی (ذاتیە) وە بەشی (أستعارە) سەربەکتیبخانەی دەزگاکەو ژووری خوێندن و وتوویژکردن و ژووری خزمەتی کارەباو میکانیکی و هۆڵی کۆبوونەوە .

٤ ملیون دینار بۆ بەرهەم هێنانی ئالفی ئاژەڵ

دوێنی کومپانیای گشتی ئالفی ئاژەڵ دامەزراندنی سێ کارگەی ئالفی ئاژەڵ لە پاریزگاکانی (نینوی بابل و واسط) ی داوە بە بەلیندان کە ٤ ملیۆن دیناریان تێ ئەچێت .

وزەی بەرهەم هێنانی ئەم کارانە کە لە ساڵی ١٩٧٧ تەواو ئەبێ لەرۆژیکا (٧٢٠) تەن ئالف ئەبیت .

وە لەلایکی ترەوە کۆمپانیا کە (٥) کارگەی تری ئالفی ئاژەڵی دادەمەزرێنی دوانی لە پاریزگای بەغداو ئەوانی تریشی بەسەر دیالەو هەولێرو میسان دابەش کراوە ، کە (٢) ملیۆن دیناریان تێ ئەچێت وە هەریەکە لەم کارگانە وزەی بەرهەم هێنانیان لە سەعاتێکدا (٢٠) تەنە .

وە بەم زوانە لە نەینەواو سلێمانی و کەرکوك و (واسط و قادسیە و ذی قار) و بەسرادا حەوت کارگەی بچووك دادەمەزرێ و وزەی بەرهەم هێنانیان لە ساعاتێکدا (٥) تەنە .

ئەوەی شایەنی باسە ئەم کۆمپانیایە دووکارتەی هەیە لە بەغدا رۆژی ١٠٤ تەن ئالفی ئاژەڵ ئەهێنیتە بەرهەم .

١٢ ملیون دینار بۆ پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاوەدان

ئەنجومەنی نەخشەکێشان لە کۆبوونەوەیك دا بریاری دامەزراندنی چەند پرۆژەیکی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاوەدانی دا کە ١٢ ملیونی دیناریان تێ ئەچێت .

هەر وەها بریار درا ئەو پارەیەی کە بۆ پرۆژەی کە هەرەمایی ئاوبەستی دوکان تەرخان کرابوو لە ٥٩٠ هەزار دینارەوە بکرین بە ٣ ملیون دینار .

وە ئەوەی شایەنی باسە لەم دوایەدا وەزارەتی پیشەسازی رێککەوتنیکی لە گەڵ دەزگای تکنۆبروم ئیگسبورتی سۆڤیەتی دا مۆر کرد کە ١١ ملیون و ٤٨٦ هەزار دینارە ، وە بە بەرینی ٨٠٧٣ میکاوات ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ بکرێت .

هەر وەها ئەنجومەنی ناو براو بریاری دا کە پارەی دروست کردنی پردی باب المعظم ٣ ملیون و ٨٦٤ هەزار دینار زیاد بکرێت . هەر وەها بریاری دروست کردنی پرۆژەی پێستە خۆش کردن درا کە ٢ ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت و بەرهەمی ئەو پرۆژەیە ٣ ملیون پێستە ئەبێ لە ساڵیکدا .

لە مانگی رابوردوا وە لە هەموو پاریزگاکانی وڵاتدا دەزگای ئیش و کارو فێر کردنی کرێکاران نزیکەی ٢ هەزارو ٩٥٠ کرێکاری لە سەر ئیش دامەزراندوەو کاری بۆ دۆزیونەتەوە .

بەم پێیە لە پارەوە هەمان دەزگا ٢٠ هەزارو ٩٨٥ کرێکاری لە سەر ئیش دامەزراندوە .

وە سەرچاوەیەك لە دەزگای ناوبراو رایگەیاند کە دوای تەواو بوونی ئەو دەورەیەی ئێستا کە کراوەتەوەو نزیکەی ٣٥٥ کرێکاری تیدایە دەورەیەکی تر ئەکرێتەوە بۆ فێر کردن و راهێنانی ئەو کرێکارانەی کە شارەزانین .

داەمەزراندنی ٤٥ خانوو لە هاوینە هەواری صەلاحەدین

لەهەفتەی رابردوو دا دروستکردنی دوو بینای تازە کە ٣١٥ هەزارو ١٦٥ دیناری تێ ئەچێت یەلینەدریك دراوە .

وە ئەم دوو بینایە کە لە ساڵێك تەواو دەبێ لە ٩٦ بەر پێك دێ .

دامەزراندنی ٤٥ خانووی گەشت و گوزاری لە هەوارگەی صلاح الدین دراوەبە بەلیندەرکە ١٤٥ هەزار دیناری تێ ئەچێ وە ئەوەی شایەنی باسە بریار وایە کە ئەم خانووانە لە ماوەی نۆ مانگ دا تەواو ببن .

٤ ملیون و ٢٥٠ هەزار دینار بۆ بانقی پیشەسازی

ئەو پارەیەی لەبەرنامەی بەرهەم هێنان دا بۆ بانقی (مصرف) پیشەسازی تەرخان کرابوو لە ٢ ملیون دیناره وە بوو بە ٤ ملیون و ٢٥٠ هەزار دینار ، بەم جۆرە سەرمایەی بانقی پیشەسازی ئەبێتە ١٠ ملیون دینار .

وە بەرێوەبەرایەتی گشتی بانق لەم بارەیەوە ووتی ئەم زیاد بوونە لە ئەنجامی بەرەپێدانی ئیش و کاری بانقەوەیە . هەروەها وتی ڕادەی قەرزدان گەیشتە سێ ئەوەندەی ساڵی رابوردوو وە لە ئەنجامی پێشکەوتنی کاروباری کومپانیاکانەوە وە سەرمایەی کۆمپانیاکانی تێکەلاویش زیادی کرد .

هەروەها رووشی کردەوە کە ئەو زیادکردنە کۆمپانیای پیشەسازی سووك ئەگرێتەوە وسەرمایە کەیشی ئەگاتە ملیونێك و ٥٠٠ هەزار دینار لەجیاتی ٧٥٠ هەزار دینار . وە کومپانیای پیشەسازی (الهلال) سەرمایەی لە ٣٠٠ هەزار دیناره وە بوو بە یەك ملیون دینار . وە سەرمایەی کۆمپانیای پیشەسازی پایسکل عیراق کە ٢٥ هەزار دیناره وە بوو ٦٠٠ هەزار دینار جگە لە بەشدار بوونی بانق لە سەرمایەی هەردوو کۆمپانیای کەرەسەی (وسیطی) پیشەسازی پلاستیك و لەوحی پلاستیك بەرادەی ٥٠٪ سەرمایەکەی کە ٢ ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناره .

ئانگ بانگ سوك

ئەم ژنە هەر وەکو هەموو تێکۆشەرێکی کۆریایی هەولێ ئەدا کە منداڵەکانی وا پەروەردەبکات کە سەرەڕای ئەوەی تێکۆشەرێکی شۆڕشگێربن لە پێناوی شۆرش کۆریاستدا خۆیان بەخت بکەن . هەروەهاش ئەم ئافرەتە بەو پەری دڵسۆزیەوە خەباتی ئەکرد لە پێناوی سەربەست بوونی ئافرەتا .

دوای مردنی « کیم هیونج -چیك » ئەم ئافرەتە چوە رێزی کۆمەڵی ئافرەتانەوە لە « موسونج » و دەورێکی زۆر بە نرخی تیادا گێڕاو دەستی کردبە تێکۆشانێکی بێ ووچان بۆ رێکخستنی رێزی ئافرەتان وهاندانیان دا بۆ ئیش کردن رێزی لەشکری شۆڕشگێری دا .

ئەم ئافرەتە هەموو توانای تەرخان کرد بوو بۆ هان دانی ئافرەتان لەمەیانی سیاسی وفیکری وڕۆشنبیری دا وە بۆ دەرهێنانیان لە دنیای تاریکی ونەزانین وروناك کردنەوەی هەستیان بەکیانی نیشتمان -پەروەری .

هەر جارێك خانوو سووك لەگەڵ ئافرەتانا ئیشی بکردایە نرس وئازارو دوو دڵی لەمەیشکیانا نەئەهیشت دەستی یارمەتی وهاندانی بۆ درێژ ئەکردن . ئەم کردەوانە خۆشەویستی وپایەی رێزی لەلای جەماوەری گەلەوە زۆربەرز کردەوە بەنایبەتی ئافرەتان کەزۆر خۆشیان ئەویست و ئاموژگاریەکانیان جێ بەجێ ئەکرد .

بەم جۆرە کۆمەڵی ئافرەتان رۆژ لەگەڵ رۆژدا بەهیزو فراوانتر ئەبوو وەخەباتی ریك وپێکی کۆمەڵەی ئافرەتان بەهۆی چالاکی و تێکۆشانی ئەم ئافرەتەوە بەرەو پێش ئەچوو .

بەو رەنگە وبەهۆی تێکوشانی گەرمی ئەم ئافرەتەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بوونە سەربازلە رێکخراوی شۆڕشگێریا .

ئەم ئافرەتە بەکیانێکی بەرزوخاوینەوە تێ ئەکۆشاو زوربەی کاتی خۆی بۆ ئاراستە کردن ویارمەتی دانی کەتیبەی لاوان وکەتیبەی منداڵان تەرخان کردبوو .

هەروەها چاودێری دابەش کردنی رۆژنامەی (رۆژی نوێ) وچاپەمەنیەکانی تری ئەکردوو سیقەکانی (رێکخراوی نهێنی)شی بلاو ئەکردەوە هەرئەرکێك کە رێکخراوی نهێنی پێی بسپاردایە خێرا جێ بەجێ ئەکرد ، پاش ماوەیەك نەخۆش کەوت وتەندروستی بەرەو هێناو پەکی خست و دڵەگەورەو خرابی چوو ، نەخۆشی زۆری بۆ دوا جار چاوی لێك نا . دڵێرەکەی لە لێدان کەوت و بۆ

ئەحزم منصور

١٢ مەلبەندی تەندروستی

وەزارەتی نیشتەجی کردن ١٢ مەلبەندی تەندروستی لە پاریزگاکان دروست دەکات کە ٧٧٠ دیناریان تێ ئەچێت .

ئەم مەلبەندانەش بەسەر پاریزگای سلێمانی و نەینەوا وکەرکوك و ئەنبارو دیالەو بابل و (واسط) و کەربلاو قادسیەو (مثنی) و (ذی قار) و بەسرادا دابەش ئەکرێن هەروەها لایەنە تەکنیکیەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بیناکردن نەخشە بۆ (٥) مەلبەندی تر لە ناوچەی کەرخ و رەسافەو اعظمیەو کاظمیەو ثورە لە پاریزگای بەغدا ئەکێشی ، وە مەلبەندێکی تەندروستی تر لە نەجەف دروست دەکرێت ، وە هەر مەلبەندێك لەمانە لە دووقات پێك هاتووەو هەرقاتێك بۆ نەخۆشی ناوخۆیی و تەندروستی لادێ و نەخوشی منداڵان و بەشی تەندروستی قوتابخانەو هۆلیکی گەورە بۆ کۆبونەوەو و چەند موختەبەرێك پێك دێت . وە وەزارەتی ناوبراو پروگرامیکی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی (٢٠) مەلبەندی تەندروستی لە پاریزگاکان دروست بکات ملیونێك و ١٠٠ هەزار دیناریان تێ ئەچێت .

دەست پێ کردنی ئۆپرا

بەشی سێیەم :

بەرهەمەکانی ئوپرا لە قوناغی سەرەتاییدا ئامانجی سەرەکی رابواردن و پیشاندانی بەرهەمێکی هونەری بو .. وە هەر بۆ ئەم مەبەستە ئوپرا لەپاریز گاکانی ئیتالیا پیشکەش بە نوێنەرە گەورەکانی چینی ئورستکراتی ئەکرا .. وە ئەمەش گەلێك لەگەڵ ژیان و بیرو هەستان و دانیشتنی ئەم چینەدا ئەگونجا ، وە ئەم چینە تارادەیەك بوو بە هۆی پەرەسەندنی ئەم هونەرە ..

ئورستکراتیەکان هەمیشە لەگەڵ دەرەبەگەکانا لە کێشەیەکی سەختا بون ، وە هوی سەرەکی ئەمەش گرتنە بەری ریگاو رێبازی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بو لەناو بەشی گۆمەڵی دەربەگایەتیدا .

چینی ناوبراو ناچار ما بەرگری لە کلیسا بکات و بچێ بەگژ دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیدا ، وە بەردەوام پالیان بەم هۆنەرەوە ئەنا کە هەمو لایەنێکی ژیانی کومەڵایەتی خەلکی ئەگرتەوە .. لە مەیدانی بەرهەم هێنانی مادی و مەوداکانی روشنبیری و هونەری دا .. وە ئەو ئوپرایانەی کە لەو قوناغو سەردەمەدا پیشکەش کراوون ئەم رواڵەتەیان بە ئاشکرا پێوە دیارە .

چەشنە موسیقا پیشکەوتوەکانی ئەو سەردەمە موسیقای کلیسا بون بە تایبەتی جۆری « گۆرانی کۆرال » بەڵام لە هەندێك ڕوەوە لەگەڵ ئالۆزی روژگارو داواو پیویستیەکانی خەلکدا زۆر نە ئەگونجان . هەر لە بەر ئەمەبو چاکترین چارەسەرکردنێك کە دوزرایەوە دانانی ئاوازی درامی بو (دایالۆگ)[1] وتنی گورانی وەیان دایالوگی گۆرانی .. کە لەو کاتەدا گەلێك رێزی لە موسیقا ئەنا .

لە سەرەتاوە چەند ئالەتێکی موسیقا بەشداری لەگەڵ گۆرانی دا ئەکرد بەو هۆیەوە گۆیگرو بینەر لە گۆرانی ئەگەیشتن و هەمو ئەکتەرەکان لەسەر شانۆ بە چالاکی خۆیان ئەنواند ، **ئەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا ئەکات کە موسیقا دەورێکی گەورەی لە پیشکەوتنی ئوپرادا گێڕاوە .. بە تایبەتی لە ملیودی (٢) و هارونی (٣) دا لە بارەی نواندنی دیمەنەدرامیەکانەوە .**

هەنگاوە سەرەتاییەکانی پارە سەندنی بەرپابون و گەشە کردنی ئوپرا پێی ئەوترێ (چەشنی وەسف کردن - مونودیا) وە بەرهەمەکانی ئوپرا لەو قوناغەدا لەگەڵ هینەکانی پیشودا بە ئاستەم جیا ئەکرانەوە بۆبە بەزۆر جۆر ناویان لێ ئەنان وەکو (ملیودراما)[4] یاخود (دایالوگی موسیقا) زور-جاریش بە (درامای تراجیدیا لە مۆسیقادا) ناو ئەبرا .

بەرەبەرە ئوپرا لە رێبازە کۆنەکە خۆی جیا کردەوەو رواڵەتێکی تازەی بە خۆیەوە پێچاو وە لەو قاوغە دەرچو کە ئوپرا تەنیا پیشاندانێکی شانۆ گەری بێ لەگەڵ ئاوازی موسیقادا ، بەڵکو نیشانی سەرەکی ئەو موسیقایە بو لەگەڵ دیالوگداو پەرەسەندنی درامی کە بە درێژایی رورداوەکە نیشانی ئەدا .. ئەم کارە بو بە هۆی پیشاندانی بەرهەمی نوێو ئاشکرا کردنو روی هونەری ئەکتەرەکان .

١ - گفتوگویە لە نێوان دوو ئەکتەر یان زیاتر

٢ - ئاواز

٣ - گونجاندن و یەکانگیر (فیدیلیو) بیتهوڤن

بونی دو ئالەت لە ئاوازێکدا .

٤ - ئەو بەرهەمانەی کە تێکەڵە لە کومیدیاو تراجیدی ، وە بۆ بەڵگە فلیمەکانی هیندستان ..

- ماویەتی -

● هاشم عەلی مەندی ●
کردویە بەکوردی

● دیمەنێکە لەئوپرای ●

insitut kurde de paris

حەسەن زیرەك ی مامۆستا و قوتابخانە

هاوسەری حەسەن زیرەك میدیای زەندی و منالەکانی

پاشماوی ژمارەی پێشو **ئامادەکردنی : محمود زامدار**

خەتام تیا نەبوو ، بە کلام الله
خۆم کرد بە مردو ، وەك ڕێوی تۆپیو
وەکو شەخسێکی هیچ دونیا ، نەدیو
گوتم ، وا چاکە ، خۆم کەم بە مردو
وەك دەردەداری بۆی بکەن ، نیشتوو
منیان دەرهێنا چەند رەفیق ودۆست
ژنان ،کەم مابوو ،رووتم کەن ،وەك پۆست
هەریەك بە جۆرێ ، قسەی لێ دەکرد
ماشێن بەم جۆرە ، ئاوا ئاگری گرد
ئاگری گرد ماشێن چ بار ، چ تەگەر
جەهەندەم لە خۆم ، شار کەوتە خەتەر
من ، کە کەوتبوو ، هاتن پاسەبان
ئەمنیەو ژاندار ، سەربازو دژبان
عالەم سەرپاکی کەوتە مشت ومڕ
کە پڕیان دامێ یەکجار ، کوت وپڕ
کەوتمە سەر دەستیان وەکو ، تۆپە خڕ
دەورم گیرا بوو ، بەژن وکچ وکوڕ
چۆنیان فراندم ، پاسەبانەکان
ئیدارە کوێ بوو ، بەرزی باوەخان
خۆم کرد بە مردو ، کە لەکم وەشان
سەرپا ، سەبان بوو ، ئاژدان(عزیزخان)
گوتی مردوە (حسن) بە ستەزمان
دە بانگ کەن ،دوکتەر ،کوا دەواو دەرمان
حەمبالم کێ بوو ، (سلیم بانەیی)
جوان هەڵی گرتم ، زۆربە شێنەیی
ئەو ، کە ئەیپەرژا ، بنێرێ پاسەبان
ئەمنو (سلیم) بووین ،بەجوت هەردوکمان
سەقز ، بەڵەد بووم ، پاك کۆڵانەکان
بێ پەروا رووم کرد ، لە ماڵی خۆمان

× ×

ماڵی خۆمان بۆ ؟ کەوتمە بیابان
چەنە ، کەڵەکم ، دا ، لە پۆستی ئاژان
چەند ڕێ یان گرتم ، سەربازو دژبان
دەرچوم لە شاری ویەکسەر تێم تەقان
رووم کردە کێوێ ، لای (کانی نیساز)
بەڵکو بۆیەکێ ، بکەم رازو نیاز
مانگە شەوێ خۆش ، دیم لە دور کەپرێ
نەمزانی فیکرو کارێ ، وا دەکرێ
جەحێل وپیری ، لێم کردن سلاو
چون ، دو ، نەفەر ، بوون،ئەواو دایان تاو
کورسیای نابوو نە خەوتەبون تەواو
ئاگر نابینن ؟ منم لێ قەوماو
یەکێکیان جەهێل ، ئەوی‌تریان پیر
گوتیان : بەخێربێی ، بەڕاوو تەگبیر
لەپشت کەپرەکە ، زۆر سەرتەیان ، کرد
رایان ئەوە بوو ، من ، بکەن ، دەسگیر
پێم نەدان ئەمان ، وەك شێری سەرمەست
هەستام لە جێو بێ پەرواو سەربەست
گوتم : وانا بێ ، کار دەکەن ، بێ هەست
خودا دەیزانێ ، دەتان کەم ، قولبەست
چەقۆم دەرهێنا ، لێم نەکردن باك
جەهێلەکەم ، گرت ، وەك پلنگی چالاك
کە کورەم واگرت ، پیر ، کەوتە هاوار
ووتی : ئینساف کە ، ئەی برای ، ڕێبوار
جەهێل پاڕاوەو ، داوێنی بادام
سەری دانەواند ، جوان خۆی لێ لادام
ووتی : بە خێربێی ، ئەی کاکی مێوان
مەبێ عەقل بووین ، بیورە ، ئامان !
لە جواب دا ووتم : براوو بابەکەم
منیش دەرمەفتان ، جارێك ، چادەکەم
من خۆم نەقلم کرد ، پێشەو کارەکەم
ووتم : ئاگری گرت ، لۆری و بارەکەم
ئەمجا ، دانیشتن ، لەم شانەو شانم
پیر ، ووتی : سەد ساڵ بیە مێوانم
کە وشت لە سەر چاڕ ،منەت بەگیانم
ئەمنیش لەم کێوە ، وا توتنە وانم
با توتن بێنم ، تێکە ، سیغارێ
هێشتا ، شەو زوە ، دانیشە جارێ
کەزا نیان من ، لاوێ بەکارم
ئەمجا ، تێکۆشان ، ڕێك بخەن کارم
شەوگار کەیشتە ، کاتی نیوە شەو
پیر ، بەزمانی خۆش ، هەستاندمی لەخەو
ووتی : کوڕەکەم ، ئەمجار ، بەیانە
بدەرە کێوی و هەڵگرە چوار نانە
دەست ودەم ماچ بوو ،زۆر ، بەدڵێکی خۆش
شەرتم کرد ، ئەی پیر ، نەتکەم ،فەرامۆش
دەستم دا ، کێوی ، بەرەو موکریان
بۆ نێو بەگزادە ولای (کانی سێران)
کە من تێفکریم ، وا بوو بووم ، بێ هێز
هیچ کەس نەمبینێ ، بەدزی وبە پارێز

لاپەڕە -٥-

کەم لە شانم دا ، بارانی ، پڕ ڕێز
لەوانە ، باشتر ، بچمەوە ، تەورێز
دوای بانگی عەسر ، گەیشتمە ، تەورێز
روم کردە ، ماڵێ ، هەڵسەتان ، بەرێز
خەبەریان پێدام ، وا ، دەتکەن تەعقیب
بچۆ ، بۆ تاران ، بە لۆری ، یا ، جیب
زەحمەت ، یارەحمەت ، گەیشتمە ، تاران
خودا گەورە بوو ، نەیخستمە ، داوان
بێ دەنگ ،بێ خەبەر ،باش خۆم کردبو ،گوم
سرویسم ، ئەکرد ، لە تاران بۆ قوم

× ×

لە باش دو ساڵە ، گرتم نەخۆشی
بۆ براو کەسم ، کردم ، پەرۆشی
عەزمم ، جەزمم ، کرد ، دڵم ، تێکۆشی
ماڵو ئەساسم کەوتمە ، فرۆشی
هاتمە وە تەورێز ، چورمە (مهاباد)
لەلای دادستان ، کردم عەرزو داد
نەپاڕامەوە ، کە بمدا ، نەجات
واش ، تێنەکۆ شام ، بمداتێ خەلات
بەس دەستوری دا ، بۆ لای بازپرسی
جوابم دایەوە ، زۆر ، بەنەترسی
شتێکیان نوسی ، بۆ شەهرەبانی
من خۆم ، تەحویل دا ، بە پەشیمانی
نۆ مانگم کێشا ، زیندان ، بە خەتا
دەوڵەت بەخشینی ، بێ کردم ، عەتا
ئەم ، کەین و بەینە ، ساڵێك بوو ، تەواو

ماویتی

دەربارەی لیستەی یەکەم و دووەمی زاراوەکانی گۆڤاری کۆری زانیاری کورد

- ئومید ئاشنا -

ئەوە ئاشکرایە کە هەروشەیەك مانایەکی ئایینی ئەدابەدەستەوە ، بەڵام ئەبێ ئەوەش ڕەچاو بکرێ کەپێ ئەکەوێتوشەیەك بە لامانەوە مانایەکی‌هەیە کەچی لە سێ یان چوار ڕستە دا سێ یان چوار مانای‌جیاواز ئەبەخشێ • بۆیە کەمانای تەنهایی ووشە لێك ئەدرێتەوە ورد بینی ئەوێ‌وپێویستە ئەو مەبەستانەی بەپێی ڕستە جیاوازەکان ئەی بەخشێ بە کورتی ڕوون بکرێتەوە •

لە لیستەی یەکەمدا ئەوزاراوانەی مانایان لێك‌درابوەوەو هەندێکیان لەلایەن ڕەخنەگرانی زمان ناسی‌یەوەڕای بەرامبەر دەربڕا بوو ، وەلە بەرگی دوهەمی گۆڤارەکە دا بڕیاری کۆتایی لە سەر درا بووبەڵام هێشتا زۆر شت ڕەچاونەکرا بوو ، بۆیە بە پێویستم زانی جگە لە لیستەی یەکەمشتێکیش دەربارەی لیستەی‌دووەم بنووسم •

زاراوەی عەرەبی	دەبێتە	تێبینی
١ - أبداع	داهێنان یان جوانکاری	چونکە لە کاری ئەدەبیدا أبداع داهێنانەو لە کاری هونەریشدا جوانکاری‌یە
٢ - احضار	ئامادەکردن یان هێنان	چونکە ئەو شتەی کە ئەهینرێ ئایا ئامادەکراوە یان نا ؟! (علاءالدین سجادیش) هەرخواستنی بەکار هێناوە ئاگر بێ‌گیانە
٣ - أستعاره	خواستن نەك خوازینەوە	
٤ - أطفائی	ئاگر کوژێنەوە نەك ئاگرەرێن	
٥ - تضامن	هاوکاری نەك هاوئەرکی	
٦ - حفاره	هەڵکۆڵەر نەك کۆڵێنك	
٧ - قاعه الاحتفالات	هۆڵی ئاهەنگ گێران نەك بەزمگە	
٨ - ماشیه	ڕان نەك گاڕان	
٩ - مراسل	پەیامنێر نەك پاکار	
١٠ - مقدره	توانا نەك توان	
١١ - مکافحه	نەهێشتن نەك بەربەرەکانی	
	یان نەك قەلاچۆکردن	
١٢ - نشریه	پەخش‌نامە یان پەخش‌کاری	
١٣ - نداء	بانگەواز	

ماویتی

سەرچاوەکانی میکۆنگ

« ولفرد • ج • برچیت ڕۆژنامە نووسێکی ئوسترالیایی پێشکەوتن‌خوازە •• زۆر گەڕوکە •• بۆ هەموو ئەو شوێنانەی چوە ، خێزانەکەی بەژن‌و منداڵەوە لەگەڵ خۆیا بردوە •• هەموویان فەرەنسی ئەزانن ، ژنەکەی بەبولگاریای قسە ئەکات ، کوڕەکەی لە پەکین هاتۆتە دنیاوەو بەچینی ئەدوێ ، کوڕی ناونجی بە ڤێتنامی قسە ئەکات لەهانۆی بووە ، کچەبچوکەکەی لە موسکو لە دایك بووەو بەڕوسی ئەدوێ •• ئەم زمانە جۆر بەجۆرانە کاری ڕۆژنامەگەری بۆ برچیت ئاسان کردوە •• کتێبێکی دەرکردوە لەژێر ناوونیشانی (سەر چاوەکانی میکونگ) تیایا باسی هەردوو وولاتی لائوس‌و کەمبودیا ئەکات •• ئەم کتێبە بە نووسینێکی گرنگ دائەنرێ لەئەدەبی ڕۆژنامەگەری دا •• بەشێك لەم کتێبە لەبارەی وولاتی کەمبودیاوەیە ، لە (فنوم پن)ەوە دەست پێ‌ئەکات •• لەئۆفاری (المثقف العربی) ژمارە دووی تشرینی‌دوهەمی ١٩٧٣ بەعەرەبی بلاوکرایەوە ئێمەش وەکوو نموونەیەکی پێشکەوتوی نەم جورە ئەدەبە کردمان بە کوردی •

(فەهمی قەرداغی)

کەمبودیاییەکان (ئەنجکور) بەدەروونی نیشتمانەکەیان دائەنێن هەزار ساڵ لەمەوپێش لەم پایتەخەتە کۆنەیان - کە بەپەرستگاکانی ناوبانگی دەرکردوە - ژیانێکی شارستانیە تیان پەیدابوو لەهەموو ژیارەکۆنەکانی جیهان پێشکەو توتربوە • پێنج سەدساڵ مەوپێش پایتەخت گوێزرایەوە بۆ فنوم پن • فنوم پن کە نزیکەی نیوملیون دانیشتوانێتی وپایتەختی ولاتە ، پانایی‌کەی بەقەدەر تێکڕای پانایی چیکوسلوفاکیاو پەلچیکاو هولندەیە •• لەکاتی ئاسایی‌دا شارێکی خامۆشەو زوربەی دانیشتوانی چینی‌و ڤیتنامین • ڕۆژنامەکانی بەچوار زمان دەرئەچن : چینی وڤیتنامی و کەمبودیای وفەرەنسی •

بەندەری فنوم پن وبازاڕە کەورە سەرەکی یەکەی زیاتر لەهەموو شوێنێکی تری شارە لەجموجۆڵدایە • کەشتیەکان نەتوانن لەمیکونگەوە تا فنوم پن بێن - کە بەدرێژایی ساڵ هەمرو ڕۆژێ سێچوار کەشتی لەناوەڕاستی شاردا ئەمیننەوە •

بەڵام ئەسترلێ ڕاستەقینە لەسە کەشتی پیك هاتوەو چوار لقەکانی میکۆنگ بەشار ئەبەستێتەوە •• جۆرەها بەروو بوومی سروشتی ئەهینی وەکوو پولەکەی ماسی ونەناناس وپێستی پلنگ‌و شاخی ئاسك• وفیلی پچوك وکژوکیای بۆندار بۆ بازار ئەهینی •

لە فنوم پن دا وەلەهەموو کەمبودیادا پیشەسازی‌نیە •• بێجگە لەدار بڕینەوە ونانەکانی چەلتوك ، خەلکی خەریکی ڕاوە ماسی‌و چاندنی مەرزەن‌و ئەوانی تریش خەریکی گواستنەوەکڕین‌و فرۆشتن‌و بەڕێوەبەرایەتین ••• نامرازی میللی ڕاستنەوە لەپایتەختدا پایسکیلە ، کە بانزەهەزار ئەبن لەناو شەقامەکانی پایتەختدا بلاوبونەتەوە • خەلکی کەمبۆدیا ناسك‌ودڵساف‌و ساکارن ، لەبەرئەوەی بودین کینەی ڕەگەزپەرستیان لەدڵدانیە •• بەڵام ڕقیان لەئەمەریکاییەکان دەبێتەوە •

ئەو شتومەك‌و بەرهەمانەی کەمبودیا ئەیانئێرێتە دەرەوە ئەمانەن :-

یەکەم لاستیك ساڵی ٣٥ هەزار تەنی لێ‌ئەچێتە دەرەوەی زوربەی بۆ ئەمەریکا ئەئێردرێ • دووەم برنجە کەساڵی ٣٠٠ هەزار تەنی لێ‌ئەنێردرێتە دەرەوە ، بەتایبەتی بۆ فەرەنسا •• ئنجا گوێزی هیندی‌ومیوەی ئیستوائی و پێستی ئاژەڵی کێوی‌و ئیسقانی ئاژەڵ کەبۆ دەرمان بەکار ئەهێنرێت •

هەشت سەدساڵ لەمەپێش ژمارەی پزیشکەکان لە کەمبودیا دا (٢٠٤) پزیشك بوون •• بەڵام ئەمڕۆ پاش سەدەیەك دووای داگیرکردن لە ساڵی ١٩٥٩دا تەنیا دووپزیشکی لێ‌بوو لەگەڵ نزیکەی سەد برین‌پێچ ، وە قوتابخانەی پزیشکی پاشایەتی پاش سەربەخۆیی دامەزرا ، لە فنوم پن دا کە نیو ملیۆن کەسی تیادا ئەژی کاتێ کە فەرەنساییەکان وڵاتیان بەجێ هێشت تەنها ٣٠٠ جیگا هەبوولە خەستەخانەکانی‌دا •

شتێکی خۆشە ئەکەر تێ گەیشتنی پاشا (جایافارمان)ی حەوتەم کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا حوکمی ئەکرد بەراورد بکەین لەگەڵ تێ‌گەیشتنی دەسەڵاتدارە کۆڵونیالیەکان •• پاش هەشت‌سەدە لەو خەتی سەنسکریتی‌یەدا باسێکی ڕای پاشای بوذی ئەکا سەبارەت بەدرووست کردنی خەستەخانەو ئەڵێ :

بۆ تیمار کردنی گەل زیاتر لە تیمار کردنی خۆی ئێش‌وئازار ئەکێشێ •• ئازاری گەل هۆی ئازاری پاشاکانە •• نەك خەم‌و خەفەتی خۆیان » •

بەڵام ئەم‌پاشایەکەبایەخی داوەبەچەند لایەنێکی دیاری کراوی ژیانی ئەڵکی نووشی شێتی‌یەکی سەیربوو : شێتی دروست‌کردنی پەرستگا بووە ئەو پەرستگا کەورەوقەبانەی سامانی وولاتی قووت دا ئەگەرچی لە کۆتایی سەدەی دوانزەهەمدا بۆماوەیەك کە کەلی کەمبودیا بەتیروتەسەلی خۆش‌گوزەران‌بوو •• بەڵام •• بەهۆی ئارەزووی بەرزڕفینی‌یەوە خۆینیشی ئەمژرا •

● پاش مردنی جایافارمان چی ڕویدا ؟

سوپای جامیەکان وسامیەکن هێرشی‌یان هێناو ولاتیان تالان کردو سووتانیان •• لە ساڵی ١٤١٠دا ئەنجکوری پرلە پەرستگا بە پایتەختی نەمایەوە ، لادیی‌یەکان شاریان بەجێ هێشت پاش‌ئەوەی داگیرکەران سیستەمی ڕێك‌وپێکی ئاودیریان تێك‌دا •ئەوژیارە مەرەسی هێنا فەرەنساییەکان لەساڵی ١٨٦٢دا وولاتیان داگیرکرد •• سامانەکانیان تالان کرد ••• ڕووداوێك هەیە بۆنموونەی ئەو تالانە ئەیگێڕنەوە ، پەیوەندی بەنووسەری فەرەنسای بەناوبانگ (ئەندرێ مالرو) وەهەیە •• لەساڵی ١٩٣٢دا مالرو خێزانەکەی چوون بۆ پاشما وەکانی ئەنجکور ، کاتێ سەیری نرخی هونەری ئەو پەیکەرانەیان کرد کە لە پەرستگا پچوکەکەی (بانتی سرای) بون کە بیست میل لە ئەنجکور دووربوو ، وای پیشاندا کەخێزانەکەی ناساغە •• بەم‌جۆرە لەدەست دەلیلەکان خۆی ئرزگارکرد وە خۆی‌دزیەوە بۆناو پەرستگاکەو دووپەیکەری دزی بەعەرەبانەیەکی کرێ هێنانیەوە بۆ سایگون •• بەڵام ئەمینداری پاشماوەکان بەم مەسەلەیەی زانی بروسکەیەکی بۆ پولیسی سایگون لێ‌دا •• مالرویان گرت وپەیکەرەکەیان خستەوە شوێنی‌خۆی •

ئینجا پاش‌ئەمە نابێ‌ناوی سیهانوك لەڕووداوەکان جیا بکرێتەوە •• بێ‌گومان سیهانوك لەپاشەڕۆژدا ڕۆڵێکی گرنگ ئەبینێ •• ئێستا تەمەنی لەتەختی شاهانە هێناوە ٤٩ ساڵە لەوساوە کەوازی کەلەتەمەنی ١٩ نۆزدە ساڵانا بووە هەنگاوی گەورەی ناوە •

ئەحمد رەسوول پسندەری

رازیانە بەری‌گیایەو لە کویستانەکان ئەبێت•• چەندین ساڵ لەمەوبەر لە گوندەکانو ناوچەی بتار بەکار دەهێنرا بۆ خۆراکی کۆرپەی ساوا ئەو کۆرپانەی کە هێشتا نەکەوتونە گرۆگاڵو گاگۆلکەو پەنجەی ناسکیان نەگرتوە بەداری (ڕەورەوە) وە ••• ئەو دایکانەی کە شیریان کەم بوە زیاتر بەکاریان هێناوە ••• بەدوو جۆری لێك جیاواز کراوە بەدەمی ئالی منالەوە •• جۆری یەکەمی بەم چەشنەبوە •

« رازیانەو وردە شەکرو وردە نانو جاروباریش زیرەی خۆراکی تێکەڵ کراوەو لە (دەست ئاونگا)کوتراوەو بەشێوەی تۆزخراوەتە سەر زمانی منالەکە •• » جۆری دووەمیان بەشێوەیەکی ئەو تۆ کراوە کە زیانی گەلێك لە سودی پتر بوە •• بەڵکو بۆتە هۆی ئەوەی کەدەمو قوڕکو ورکۆڵەی ئەم منالە بۆتە هێلانەی میکروب ، تەنو خوێنی ئەم منالەی داهێناوەو لەپەڵو پۆی‌خستوەو وەیا بۆتە هۆی مردنو لەناوچونی کۆرپەکە کە ئەمەشیان بەم جۆرە بووە « رازیانەو وردە شەکر لەیەك دراوەو دوای ئەوە کوتراوە ••• وەکراوەتە ناو لچکێکی (سەر لانکە) وەیا پارچە پەڕۆیەك‌و بەداری لانکەکەدا شۆڕ کراوەتەوە بەمەرجێك کە کۆی رازیانە وردە شەکر کە لەناو پەڕۆ بەستراوە کەدا کەمێك لەکۆی مەمکی‌دایك کەورە تربوە ••• ومنالەکە لە سەر پشتی لانکە ئەم پەڕۆیەی مژیوە کە پێی دەڵین «دمکوڵە» ••• دوا ی‌ئەوەی کە جاری یەکەم منالەکە دەمی لەم دمکوڵەیە بەربوە لەبەر ئەوەی کە بەلیکی دەمی منالەکە تەڕبوە وە بەهۆی وردە شەکرەکە بوە بەشیلەو رازیانەش خۆی چەورە •• بویە دیومانە کە ئەم دمکوڵەیە وەکو بزمار ڕێز کرابێ لە مێش‌و مەگەز دا شەڵال دراوە •• بۆجاری دووهەم‌و سێهەم‌و

پروانە ل ٧

نەمبیل فرۆش

پاشماوەی ژمارەی پێشو

ساڵۆخێ ژکێ بگرین زەمبیل فرۆشی • رابوو قاسدو مەکتوب شاندنا هەموو باچێرێد دۆرو پشت بۆ کوڕێ خۆ • هەتا جواب گەهشتە باجێرێ خاتوونێ وەختێ مەکتوب گەهشیە دەستێ خاتوونێ و زەمبیل فرۆش دەرکەفتی کوڕێ میرێ دیاڵ بەکرێ شاخ بسەری ڤە هاتن‌و رابوو بکەیف‌و خۆشی‌و جۆق زەمبیل فرۆش شاندە باجێرێ دیار بەکرێ‌و بووە شاهی‌و خۆشی لوێدەرێ • ئێجار لسەر هندی‌را ئەم دێ زابین چەند بەیتەکا ژ چیرۆکا زەمبیل فرۆشی دەینە قەلەمێ کو دجیاوازن ، یان نەوەکی ئەوان بەیتانن ئەوێد دیوانا زەمبیل فرۆشدا هەینە ئەوێد کو گیوی موکریانی چاپ کرین • ئەڤ بەیتێد خواری دباون لتاپ پیرەمێرێد ئێرزیا • ئەفنە ژی هنەك ژوان بەیتا :

زەمبیل فرۆش زەمبیلا دئینت
خاتوونەکێ لوێدەرێ دبینیت
ئاڤل چۆ سەودا دهینت

خاتوونێ گۆتێ :

زەمبیل فرۆش لاوکی بیانی
تو کەرەمە وەرە خانی
زەمبیلێد خۆ نەفرۆشە بئەرزانی

institut kurde de paris

مێژووی ماد

٢٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لە فارسیەوە کردویە بە کوردی

-٢٥-

بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ناوی فارس (پارس) وشەیەکی مادی‌یە(١٣٥) ئەبێ بە زمانی پارسی کۆن بەشێوەی (پارت) بەکاری بێنین • بەڵام بە پێچەوانەوە وشەی (پارت) کە ئەبێ بەزمانی پارتی‌و مادی (پرسو) بەکار بێت(١٣٦) (پرثو) بەکار هاتووە (پرسو) یان بە ئاشوری (پارسوآ) (١٣٧) بە ناوچەیەکی تریان ئەووت کە کەوتبوە ژوروی ڕۆژئاوای خاکی مادەوە کە سەرچاوە ئاشوری‌و ئورارتوئیەکان بە ئیمەیان ئاساندوە ، ئەم ڕوداوە ڕێکەوت نیە ، ئەم زاراوانە بە وشەی ئیرانی (پارس وپرسو) کە بە مانا (کەنار)ە (١٣٨) وە (پارس) (پارسوا) و (پارث) ئەوانیش لەکەناری خاکی مادا بوون •

لە خواروو (پارس) لە ڕۆژئاواوە (پارسوا) وە لە ڕۆژ هەڵاتەوە (پارث) بووە • (وە لە ژوروی ماد لەناو هۆزەکانی ترا ناوی (پارسەکان) دیسان هەیە • هەرسێ ناوەکە مانای (کەنار) ئەگێنتەوە و ماد مەرکەزی (پارسوا)و (پارس) ئەگێنتەوە ، لەوە ئەچێ پارث بەو هۆزانە وترابێ کە بەشێوەکانی خواروی ڕۆژئاوا قسەیان ئەکردو لە (کەنار) دا ژیاوون •

لەو جەدوەڵو بەرنامەو نووسراوانەی کە دەستمان کەوتووە پەیوەندی لە نێوان زمانی مادو زمانی ئاوستادا هەیە ، ئەم دوو زمانە لە گەلێك شتا یەك ئەگرنەوەو زۆر لە یەکەوە نزیکن • بەڵام تا ئەو ڕادەیە نیە کە هەردوکیان بە یەك زمان بزانین وە بەو لێکچونانەی نێوان هەردوولایان قایل بین •

زیادو کەمی زۆری دەنگ (فرن ـی مادی « هورن »ـی ئاوستا)و زاراوەی « بەگ »ی مادی‌و « یزت » ی ئاوستائی) هەیە • زمانی ئاوستا مادی نەبوە بەڵکو زمانێکی ترە ، ڕاستیەکی زۆر کە ئیستە لێرەدا ماوەی ئەوە نیە باسیان بکەین زمانی ئاوستا بە کۆمەڵە لقێکی زمانی (ئەسکیت‌و ئاسیای ناوەڕاست)ەوە ئەبەستێ• هەروەکو زانراوە زوربەی لێکۆڵەرەوەکانی شورەوی‌و ڕۆژئاوا ئاوستا بە زمانی ئاسیای ناوەڕاست ئەزانن • بەم جۆرە غفوراف ، جکسون ، کیگر ، ئالتهیم ، « باکتریا »وە ترور « سگد » واستروو « مرغیان » و تالستوف‌و هنینگ خوارەزم بە زادەگای ئاوستا ناو ئەبەن • وە هەروەها هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە ئاوستا زمانی مادە • (ماکوولسکی) و (هرتسفلد) لە سەدەی نوزدەهەم گەلێك کەس باوەڕیان وابو کە ئاوستا زمانی مادە (یوستی‌و تارادەیەك ئاشپیگل‌و چەند کەسێکی تر) ئەوانیش هەر لەم باوەڕەدا بوون •

کاتێك سەرنجی ئەم نووسینانەی لای سەرەوە ئەدەین ئابێ ئەو ڕاستیەمان لەبیر بچێ کە کیشوەری ماد لە ڕۆژگاری کۆنەوە وە بەر لە کەرت بوونی هەرگیز کیشوەرێکی یەکگرتووی یەك پارچە نەبووە ، وە لە سەرەتاوە یەکگرتنیکی هوزەکان بووەو دواجار دەزگای سەربازی‌و ئیداری کە هوزو کیشوەرە جۆربەجۆرەکانی پێکەوە ئەبەست بوە وە لەو کاتەدا لە کۆمەڵەیەك سەربازی‌و ئیداری کە هەخامەنشیەکان هێنابویانە کایەوە دروست بوو ، وە لە کۆتایی سەدەی چوارەم پێش زاینی بوو بە دوو بەشەوە : یەکێك (مادی ئاتروپاتین) ئەوی تر (مادی بچوك) • لە ڕۆژگاری بەندایەتیەوەئەم دوو بەشەئیتر هەرگیز یەکیان نەگرتوتەوەو نەبونەتەوە بە یەکی‌و وە لە ناو هەریەك لەم دوو کیشوەرانەدا چەند هۆزێکی تازەی سەربەخۆ پەیدا بوون •

لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵکی مادی ئاتروپاتین خەڵکی پیشوونانی ولاتی ئازربایجانن وە دانیشتوانی مادی بچوك کە هەمویان جیاوازن بەشیکی ئەوانی تر نەبوون • لەم هاتو هوتەدا بەر لە سەرەتای دروست بوونی هۆزەکانی مادی ئاتروپاتین‌و ناوچەکانی دەوروبەری زمانی هۆزەکان (بەر لە زمانی نەتەواویەتی) لە سنوری (یەکیتی ماد)دا دەسەڵاتدار بوون ، بەم جۆرە لە ڕۆژگاری بەر لە دروست بونی مادی ئاتروپاتین لە خاکی ماددا یەك زمانی ڕەسەن‌و سەربەخۆ (ئێرانی وەیان کاسپئی) نەبووە • « زمانی مادی ئیرانی» کە ئەو سەرچاوانەی ئیستە هەن باسی لێوە ئەکەن هێشتا زمانێکی خێڵەکیانە بوو وە لەگەڵ ئەهمیەت‌و نرخی خۆیا ـ هەروەکو لە سەنەدو بەڵگەی زۆر سود وەرگیراوە ـ تەنیا یەکێك بووە لە زمانە خێڵەکیەکانی سەرزەمینی ماد (وە بە تایبەتی مادی ڕۆژهەڵات) • هەرچۆن بێت لە سەردەمی لێکۆڵینەوەی ئێمەدا لەناو سنوری مادی ئاتروپاتین‌دا چەند زمانێکی خێڵەکی تر ـ کە غەیرە ئیرانی بوون ـ هەبوون •

هەمو ئەزانین کە هیچ هۆزێك لە ڕۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوچەکانی تر ئیستا ئەو زمانەی کە چەندەها هەزاران ساڵ بەبێ ناوبەین‌وبچران (فاصلە)لەمەوبیشەوە قسەیان پێ کردوە ـ ئیستا هیچ قسەی پێ ناکەن ـ لە میسر زمانی میسری کۆن جێگای خۆی بە قبطی‌یەکان‌و دوایی بە یۆنانی‌و لە ئەنجامدا بەعەرەبی‌دا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە ناو نەچوون‌و لە وڵاتی خۆیان‌دەرنەکران‌و بە بێ گۆڕان تا ئیستە ماونەتەوە • هەروەها لە عیراقدا دیسان زمانەکانی سومەری‌و هوریتی بەرێك‌و پێکی جێگای خویان داوە بە

پروانە ل ٧

ماموستا شێخ نورالدین جەکزادە

ناهیر ئەحمەد حەویزی

- کۆیە -

(خدران) •• ساڵی ١٩٣٦ نیرایەوە بۆ کۆیە • کە لەساڵی ١٩٢٣ مەلای گەورە کرا بە ئەندامی ئەنجومەنی تەئسیسی ئەو لە جیاتی ئاکی شەش مانگ بوو بە جی‌نشینی قازی‌ی کۆیە ، ئیستەش بڕیارە شەرعیەکانی لە دەفتەری دادگادا ماون ••

٦ ـ توانای زانستی :ـ لەساڵی ١٩٤٣ کە کاکی کۆچی دوایی کرد ئەم لەجێگای‌دانیشت لەمزگەوتی (حاجی مەلا ئەسعەد) دەرسی ئەوەتەوە ، لەزور شوێنی کوردستانەوە پرس‌و ڕاوێژی مەسەلە شەرعیەکانی پێ ئەکرا، ئیجازەی دەرس وتنەوەی بەزۆر کەس داوە وەکو : مەلا ئیبراهیم کوڕی شێخ نەجمەدین بێلاوەیی مەلا شێخ‌محەمەد کونە فلوسەیی مەلا عەلی ، مەلا عەبدولڕەحیم ، مەلا ساڵح نیکەلینی ، مەلا محەمەد ، کەمین عەبدولکەریم ، مەلا مستەفا کوڕی تەها ، مەلا زارە کانیانی ئەکرد ،

٤ـ ئاوەڵەکانی :ـ مەلا صدیق‌و مەلا عەبدوڵلای نازەنینی مەلا صادق کوڕی مەلا ئەحمەد، مەلا عەلی باداوەیی ، مەلا عەبدولڕەحمان شەرەف ، ئەمانە پێکەوە هاو قوتابی بون •

٥ ـ دەوری مامۆستایەتی : لەساڵی ١٩١٩داکە ئینگلیزەکان لەکۆیە قوتابخانەیەکی سەرەتایان کردەوە خەڵکی حەزیان نەئەکرد منالەکانیان بنێرنە قوتابخانەکە لە ٢١ی ئەیلولی ١٩٢١ دا بو بە مامۆستای ئەو قوتابخانەیەو زۆر هانی خەڵکی‌دا کەمنالەکانیان بنێرنەقوتابخانەو فێری خوێندەواری بن •

ساڵی ١٩٣٣ ناردیان بۆ زاوەکانی ئەوەی ئەو شوێنی بەجێماوە ، ئەمەش لەلین خۆزگایە دەسگا ڕۆشنبیری کوردەکان فارامۆشیان نەکردایەو لە فەرمان ڕزگاریان بکردایە ؟؟

ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی بۆی ناردوین :

مەستی شەرابی عیشقم
شێتو خرابی عیشقم
وەعزم مەدە ئەی ناسیح
چونکە کەبابی عیشقم
ئەبەد مەستی بادە نیم
مەستی ڕوخی سادە نیم
مەستی عیشقی حەبیبم
بەهیچ کەسێ دائدە نیم
.....

× **کاك ئەبوبەکر خۆشناو لە هەولێر :**

تاقە براکەم نوسراوە ڕەنگینەکەتمان پێ گەیشت‌و زۆر سوپاسی هەستی دۆستانەت ئەکەین •• ئەو پارچە نوسینەی کە بەناوی (نامەیەك)ەوە ناردوتە بۆ بڵاو کردنەوە دەست نادا •• لەبەر چەند هۆیەك کە لەنامەکەدا نوسراوە •• دیسان ئەو نوسراوانەی تریشتان کە ناردوتانە تەماشای پۆستەی خوێنەرانی ژمارەکانی ڕابوردو مان بکە هەرچیمان پێ‌گەیشتبێ فەرامۆشمان نەکردوە •• ئیستا تەنیا (میکائیل ئەنجیلو) کەمان لایەئەویش لەمڕۆژانەدا لیژنەی سەرپەرشتی ڕای‌خۆیانی لەسەر ئەدەن‌و یان وەڵامت ئەدرێتەوە یان بڵاو ئەکرێتەوە • •

× **کاك کامەران یوسف فاروق لە هەولێر :**

نوسراوە بە تەئسیرەکەتمان پێ گەیشت •• وابزانم زۆر کەس لەم کوردستانە ئازیزە مانا دوچاری ئەو دەردەی جەنابت

پروانە ل ٧

ئاوازی ئەوینی

لە ئارامگای چاوەکانت
وێنەی لاوی‌و سەرەڕێیی
ژیانی خۆم •• ئەدۆزمەوە
×
لە ناو بوخچەی دەزگیرانیت
مێخەك بەندی یادگاری
هەرزەکاریم ئەدۆزمەوە
×
لە ناو پەیمانی سوتاوی
ڕۆژانی زووت
بێ وەفای ئەبینمەوە
×
لە گوفتوگۆی ڕابوردوتا
زۆر وشەی « گیان »
دێتە بەر گوێم ••
×
لە هەستان‌و دانیشتنی
ساڵی پارت ••
هەزار چەپك
زەردەخەنەت بۆ بەستووم
×
بەڵام ئیستە کوانێ گیانە ؟
وێنەو مێخەکەبەندو وەفا ،
وشەی گیان ، زەردەخەنە ،
هەموو مردن
ئەتێم بۆچی وات پێ کردن ؟

ـ ئەردەلان ـ

کورتە وەڵامێکی .. کاك ئاوستام حەویزی

بیستون

لام وایە ئەوەی کەمێك شارەزایی لە ئەدەبی کوردی‌دا هەبێ‌و ئەدیبەکانمان بناسێت‌و کەمێك شیعرو ئەدەبەکانیانی هەڵسەنگاندبێ ئەگەر شیعری شاعیرێك یان نوسینێکی بۆ بخوێنینەوە •• ئەگەر ئەوکەسە ئەو شیعرەیان ئەو نوسینەشی بەرچاو نەکەوتبێ‌و نەیبیستبێ دوای هەندێك بیرکردنەوە ئەڵێت ئەم شیعرەیان ئەم نوسینە شیوەی شیعروتن یان نوسینی فلانە شاعیرە •

ساڵ ١٩٦٥ بوو لەقەلادزە بووم •• ساعیەکی مالیە هەبوو ناوی « مام قادربوو » ئەم مام قادرە ئەگەرچی خۆی شاعر نەبوو بەڵام تارادەیەکی زۆر ئاشنای ئەدەب بوو زۆر جار پاسی ئەدەبی ئەکردوو لێی ئەدوا •• تا ئەنانەت ڕۆژێك هات بۆلام بەڵام کتێبێکی بەدەستەوە بوو ، کەسەرنجی کتێبەکەم دا دیوانی « نالی » بو وا ئەزانم چاپەکەی ساڵانی ١٩٣١ ـ ١٩٣٢ بوو •• ئەم دیوانە ئەو شیعرانەی نالی بوون •• لە کەشکۆڵ‌و دەفتەری‌ئەدەب نوسی‌و ئاشنایانی ئەدەب‌دا کۆ کرابوونەوە و وا ئەزانم تارادەیەکیش شارەزایانی ئەدەبی ئەوسەردەمە کەم تا زۆر چاویان بەم دیوانە کەوتبوو ئەشتوانم بلیم‌کەدەستی یارمەتی‌دانیشیان بۆ درێژ کردوە •• جاوەك لە ڕۆژنامەی ڕۆشنبیری ژمارە (٢٨) ڕۆژی ٢١ـ٨ـ١٩٧٤دا بەرچاوم کەوت کاك ڕۆستەم ئەڵێت « ئەو سیلسیلە موشکی خەتا » کە مامۆستا « گیوموکریانی » لە لاپەرە « ٦٢ »ی دیوانی «نالی » زنجیرە « ٤٩ » دا چاپی کردوە بەهەڵە تێکەڵاوی دیوانی «نالی» کراوەو ئەم‌شیعرە شیعری «کەیفی»یە •

بێ ئەوەی « کاکە ڕۆستەم» بێینە سەرباسی یەکالا کردنەوەو دژزینەوەی خاوەنی ئەم شیعرە •• بامن پێت بڵێم •• ئەو دیوانەی کەساڵی (١٩٣١) چاپ کرابوو دیوانی (نالی) بوو ئەم شیعرەی تیابوو •• «گیوموکریانی » ئەوکاتە وا ئەزانم •• ئیشی چاپەمەنی نەکردوە •

زاتە گەلێك شیعرو ئەدەبیاتی ڕەسەنی لە شوێن بەجێماوە ، ئەمەش لەلین خۆزگایە دەسگا ڕۆشنبیری کوردەکان فارامۆشیان نەکردایەو لە فەرمان ڕزگاریان بکردایە ؟

ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکانی بۆی ناردوین :

مەستی شەرابی عیشقم
شێتو خرابی عیشقم
وەعزم مەدە ئەی ناسیح
چونکە کەبابی عیشقم
ئەبەد مەستی بادە نیم
مەستی ڕوخی سادە نیم
مەستی عیشقی حەبیبم
بەهیچ کەسێ دائدە نیم
.....

× **کاك ئەبوبەکر خۆشناو لە هەولێر :**

تاقە براکەم نوسراوە ڕەنگینەکەتمان پێ گەیشت‌و زۆر سوپاسی هەستی دۆستانەت ئەکەین •• ئەو پارچە نوسینەی کە بەناوی (نامەیەك)ەوە ناردوتە بۆ بڵاو کردنەوە دەست نادا •• لەبەر چەند هۆیەك کە لەنامەکەدا نوسراوە •• دیسان ئەو نوسراوانەی تریشتان کە ناردوتانە تەماشای پۆستەی خوێنەرانی ژمارەکانی ڕابوردو مان بکە هەرچیمان پێ‌گەیشتبێ فەرامۆشمان نەکردوە •• ئیستا تەنیا (میکائیل ئەنجیلو) کەمان لایەئەویش لەمڕۆژانەدا لیژنەی سەرپەرشتی ڕای‌خۆیانی لەسەر ئەدەن‌و یان وەڵامت ئەدرێتەوە یان بڵاو ئەکرێتەوە • •

× **کاك کامەران یوسف فاروق لە هەولێر :**

نوسراوە بە تەئسیرەکەتمان پێ گەیشت •• وابزانم زۆر کەس لەم کوردستانە ئازیزە مانا دوچاری ئەو دەردەی جەنابت

پروانە ل ٧

پەندی پیشینان ••

• خالید جوتیار •
کۆی کردۆتەوە

× زمان بەڵای سەرە
× ماڵیان باری ئەکرد ، خلە کەپری ئەکرد
× ئەو هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ
× کێ گۆڕ بۆ گۆڕ هەڵکەن هەڵ دەکەنێ
× کۆزەر تا لێی بدەی گەنمی لێ پەیدا دەبێ
× یان ناچێتە ئاشی ، یان ئاشەوانی دەکوژێ
× هەوێنی نۆ مەنجەڵ شیرە
× مار هەتا سەری پان نەکەیەوە نامرێ
× کردەی پەشیمان بە ، نەکردەی پەشیمان مەبە
× دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە
× کە پیاو هەژار کەوت قەرزی کۆن‌و خزمی دوری بیر ئەکەوێتەوە
× داری لار سێبەریشی‌هەر لارە
× هی خۆم بۆ خوم هی تۆ دەخۆم
× لەبەر گورگ ئاژەڵداری تەرك ناکرێ
× قەرزاری •• شەرمەزاری
× ئاش لە میزتن بێ ، هەر دەمیزێ
× قەت دێ کوێرە ئاوا مەکە
× قوڕی کوێ بەسەر خۆدا بکەم
× خزمی خراپ چی لێ دەکەی ؟!
× ئەگەر ئەسپ چاك بێ ئاوزەنگی ناوێ
× چیخ بێ بەر چیخ ڕاناوەستێ
× ئەوەی ریشی هەبێ دەبێ شانەی بۆ هەڵبگرێ
× ماڵی مردی بابردی

پۆستەی خوێنەران

× **کاکە عەبدوڵلا مەلا ئەحمد :**

شیعرەکانت‌کیش‌و سەروایان تا ڕادەیەك باشە •• ئەگەر سۆزەکەشی نەختێك گەرمتر بوایە کەمو کورتی ناوەڕۆکەکەی دائەپۆشی ، ئەم چەند دێڕەمان لێ هەڵبژارد :

لە ستارەی قەڵای بەرزی
شاری هەولێر
لەناو منارەی ڕوخاویا
زنجیرەی دەستم لێك بچران
یەخەم دڕان
خۆم تۆڕ دایە
ناخی دەریای فریشتەکان
وەك چۆن خنکان ••
یان چۆن ژیان ••
منیش خنکام ••
منیش ژیام ••
.....

× **کاك کەریم قەزاز ••**

پارچە نوسینێکت بۆ ناردوین هەرچەند دەسخەتەکەتمان باش بۆ نەخوێندرایەوە بەڵام ئەوەندەی لێ تێ‌گەیشتین کە باسی چەوساندنەوەی ئافرەت ئەکات‌و ئێوەش لەنوسینەکەتانا ئافرەتتان هان داوە کە خۆیان نەك بەشێك بن بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفت‌و چەوساندنەـ

institut kurde de paris

بە سەرهاتێك ... !

وەکو ئەگێڕنەوە بارامی گۆرزۆر حەزی لەراوو تیر ئەندازی و غاز غارێن و نیشانە داکردن بووە .. رۆژێکیان هەمو تیر ئەندازانی کیشوەرەکەی کۆ ئەکاتەوەو لە مەیدانێکی پان و بەرینا رایان ئەوەستێنێ و ئەموستیلەیەك ئەنێتەوە بە نیشانەو ئەڵێ :

هەرکەس بتوانی ئەم ئەموستیلەیە بپێکێ و تیرەکەی لەناو ئەم ئەموستیلەوەکو ناوەدەربکا هەزار زێڕی پێ ئەبەخشم و ئەیکەم بە سەرکردەی بەشێك لە لەشکرەکەم ..

پاڵەوانان و تیر ئەندازان وسەرکردەو پیاو ئازاو هەمو ئەوانەی بە خۆیانا ئەپەرمونەوەدەستیان کرد بە تیر تێ گرتن .. بەڵام هیچ سودی نەبوو ، کەس نەیتوانی نیشانەکە بپێکێ و خەڵانەکە وەربگرێ و پلەی سەرکردەییەکە بگرێتە ژێر دەستی خۆی ..

ئینجا چونکە تیر ئەندازی و پاڵەوانێتی و زۆران بازی لەو کاتەدا زۆر باو بووەو پیاوی ئازاو دەرکەوتو بەم جۆرە هونەرانەوە دەر ئەکەوتن خەنکی هەر لە مندالیەوە خوویان ئەدایە فێر بونی ئەم جۆرە هونەران .

منداڵێکی ١٢ ساڵان ، کوڕی کابرایەکی هەژار ئەیەوێ خۆی فێری تیر ئەندازی بکات بۆئەوەی کە فێربو لە پاشە رۆژدا لە سوپادا ببێت بە سەربازێکی لێ هاتوو ناوبانگ دەر بکات .. کوڕەکە لەو کاتەدا بە هەر چوارلای خۆیدا تیری ئەهاوێشت .. لەناکاو تیرێکیان نیشانەکەی پێکاو لەناو ئەموستیلەکەوە دەرچو .. بارامی گۆر چەپڵەی بۆ لێداو وتی بەراستی تۆ تیر ئەندازی چاکی و خەڵاتەکەی پێ بەخشی .. پاڵەوانە کانی دەورو بەری بارامی گۆر ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو بە بارامیان وت باشە ئەگەر ئەم کوڕە تیر ئەندازێکی ئەوەندە باشە با جارێکی تر نیشانەکە بپێکێتەوە .

کوڕەکە وتی من وەسیەتی باوکم لەگۆ ئەگرم کە پێی وتووم (لە هەر هونەرێکدا سەرکەوتی دەوبارەی مەکەرەوە) .. بارامی گۆر خەڵاتەکەی پێدا بەڵام لەبەر دڵی پاڵەوانەکانی نەیکرد بە سەرکردەی سوپا .

وریا

لە فارسیەوە کردویە بە کوردی

پاشماوەی : رازیانە

هتد ... کە منالەکە دەمێ بۆ بردۆتەوە راستەوخۆ ئەو میکرۆبانەی مژیوە کە میش و مەگەزکان بەسەر روخی دمکۆلە کەوە بەجێ هێشتوە ... ئەگەر پەرۆی دمکۆلەکە هەر جۆرە رەنگێکی بوویێت دوای یەك دوو رۆژ رەش هەڵگەراوە ... بەشیوەیەکی گشتی رازیانە لەسەر بێشکە لەدەم کانەدا دراوە بەمنال و کە لە پێشکەش دەرهێنراوە بەشێوەی تۆز دراویەتێ .. ئەبێ تاوانی ئەم کۆرپە ساوایە چی بێ ؟ کەتوشی جۆرەها دەردو تلیسانەوە هاتبێ لەو سەر دەمەدا ... ئەگەر بمانەویت تۆبانی ئەم کردەوەیە بەتەواوی بدەینە پاڵ لێ پرسراوانی راستەقینە نابێ .. هەژاری و نەخوێندەواری خاکەساری لێ وەلاخەین بەلکو هەر ئەوە لەبەر دەستا بوە لەو چاخەدا .. لەبەر ئەوە منالی ئەو سەردەمە زۆربەیان هەر لە سەر بێشکە گۆڕکراون ... جگە لە نەبوونی دەرمان و چاودێری تازە ... لەگەڵ پێش کەوتنی ژیان و سوڕانی رەورەوەی مێژوو ئەم خۆراکە بەرەو نەمان چو بەڵام تا ئیستاش لە هەندی ئاوایی دور لە شارستانیەت هەرماوەو لەناو نەچوە ... لە رۆژێکدا کە منالی خواپێداوەکان لەناو لوکەی قەرەنگی و باخچەی ساوایەکاندا لەسەر تازە ترین شێوە پەروردە دەکرێن و خۆراکیان بەکێشەو لە سەر کەتەلوك دەدرێنێ ... ئەڵبەت ئەمەش رووەکە لەروەکانی گەلەکەمان کە ئاکاری تائەمرۆش هەرماوەو چارەسەری بنەرەتی ئەوێ ..

پاشماوەی : ماموستا هێمن ..

لەشکری کافرە ئیسلامی گرت

ئەم شیعرەت بەچ مناسبەتێك ووتووە ؟

و - رۆژێك لە کۆری زانیاری دەگەڕامەوە وە سواری ئوتوموبیل ببوم لەگەڵ کیژێك دا وە بایەکی توند ئەهات کە هەر قژی تێك ئەدا ئەویش هەر خەریکی چاك کردنەوەی بوو بۆی نە ئەکرا وە جوانی ئەو کیژە منی مەست کرد بوو بۆیە ئەم شیعرەم بەدڵا هات .

پ- ئایا ئیمە ئەتوانین سنور بۆ ئەواو بوون و دەست پێ کردنی قۆناغی ئەدەبی دابنێین ؟ وە ئایا قۆناغی پاش کۆران دەستی پێ کردووە ؟ وە چۆن ئەدەبی ئەو کەنجە تازە پێ گەیشتوانەی ئیستا هەڵدەسەنگێنێ ؟

و - ئێمە ناتوانین سنوور لە نێوان قۆناغی دابنێین تەنیا تەبیعەت شاعیرێك دێنیتە ناوە وە کە تازە کردنەوەیەك یا داهێنانێك لە شیعریا ئەبێ کە جیاواز دەبێ لەگەل شاعیرانی شاعیرانی پێشوو .

بەڵام بەنسبەت قۆناغی تۆرانەوە ئەواو ئەبووەو هەر بەر دەوامە چونکە تا ئیستا شاعیرێك پەیدا نەبووە کە لە مستوای گۆران دابێت وە تازە کردنەوەیکی جیاوازی کردبێ لە هی گۆران .

وە تارادەیك ئەم جیلەتازەیەی هەلنەسەنگاندووە وە زیاتر لەوەش گۆران لە کوردستانی ئێران دا زیاتر خۆشەویستترە وە شیعرە ئێرانیە تانیش زیاتر لەوێ بلاوترە بەداخەوە بەریلی کۆنەکراونەتەوە .

من وەکوو خەڵکی تر سەیری گۆران ئاکەم کە ئەیما شاعیرێکە تازە کردنەوەیکی بەسەر شیعر هێناوە چونکە ئەو شیعرە کۆنە کلاسیکیەتانی کەمتر نییە لەهی تازە تانی « گۆران کەراوەتەوە دراوە بەڵام گەرانەوەکەی پێشکەوتوانەیە » .

ب - ئایا کێشە هەیە لەنێوان شاعیرانی نەوەی کۆن و تازە ، وەتاچ رادەیەك تازەکان پاش (١٩٧٠) توانیویانە هەنگاو بنێن ؟

و - بەڵێ کێشە لەنێوان شیعری کۆن و تازە دا هەیە بەڵام شاعیرانی تازە ئەیان توانیوە هەنگاو بنێن تەنیا زۆر کەمیان ئەبێت لەبەر کەم بوونی تەجرەبەیان وە لەبەر مەغروری .

ب - ڕات چی یە بارامبەر بەو شاعیرەی کە بڵێ قۆناغی تازە دەست پێ دەکەم وە قۆناغی گۆران بەجێ دەهێڵم وە هەنگاوی تازە دەنێم ئەگەر توانی اقناعم بکات بەرتیزەوە سەیری دەکەم .

پ : هەتا ئیستا هەندێ کەس شیعری (حر) بە شیعر دانانێ .. ئایا تۆ رات چی یە بەرامبەری ؟ وە هەوڵدانت بۆ دانانی هەیە ؟

و : شیعری (حر) بەلای منەوە شیعر نی یە بەڵام ئەگەر جوان بێ لەزەتی لێ وەرئەگرم وەکوو پارچەیکی ئەدەبی بەرز چونکە ئەبێ شیعر چوار چێوەیکی تایبەتی هەبێ وە ئەگەر بەشیعری نەزانم هەوڵدانیشم نابێ بۆ دانانی ، وە من ناڵێم شیعر هەر ئەبێ لە قالبی کۆن دا بێ بەڵام ئەبێ وەزن مراعاة بکرێ بەڵام قافیە زۆر گرنگ نی یە .

- بەس بەلای خۆیانەوە وەزنی هەیە .

- من بەلامەوە وانی یە وە کەسیش اقناعی نەکردودم .

پ : ئەگەر ناوەرۆکی شیعر گۆزا مەرجە رووخساریش بگۆرێ ؟

و : بەلامەوە شیعر تەنیا ناوە رۆکەکەی بەرەو پێش بروات باشترە هەتا ئەگەر لە رووخساری کۆنیش دا بێت بۆ نموونە ئەم دوو شیعرە فارسیە هەر چەند لە کۆنترین قالبە بەڵام بیری (فکری) تازەترین ئینسانی تێدایە وە ئەتوانین بڵێین زۆر تازەیە .

ساحل افتاده گفت گرچی بسی زیستم

هیچ نەمعلوم شداه کە من چیستم

موجی فرو فوختەء نرم بجنبیدو گفت

هەستم اگر میروم گر نروم نیستم

واتای دێری یەکەم رووباری بەختی من زۆر مەعلوم نەبوو کە من چیم دێری دووەم

شە ڕۆلی ئارام بووە وە دەڵێ ووجودی من ئەوە یە ئەگەر نەبم نیم .

پ : ئافرەتی کورد لە نووسین و ئەدەبیات دا دواکەوتووە هۆی چی یەو چۆن چارە سەر دەکرێ ؟

من تەجرەبە وا فێری کردوم کە جیاوازی لە نێوان کوڕو کچ دانی یە بەڵام لەبەر ئەوەی کە جنسیان جیاوازە بەرهەمیشیان جیا ئەبێ وەکەم دیار بوونی ئافرەت لە کۆری ئەدەبیات دا ئەوە ناگەیێنێ کە لە پیاو بێ توانا تراە بەلکو کۆمەڵ رێگای نادا کە ئەو هەستەی هەیتی دەری بڕێ وە نووسەریش ئەو کاتە سەرکەوتوو ئەبێ کە هەستی راستەقینەی خۆی بنوێنی بۆیە هەتا کۆمەڵ رێگە نەدا ناتوانێ بێتە ئەم کۆرەوە چارەسەرکردنیش لە خەباتێکی توندایە دژی بیاو

پ : ئایا جگە لە شیعر بابەتی تری ئەدەبیت نووسیوە ؟

و : گەلی چیرۆکی گورتەم نووسیوە بەڵام چاپ نەکراوە وە ئیستاش لام نی یە ئابلاوی بکەمەوە هەروەها ووتاری سیاسیشم هەیە ، وە هەوڵ دانی تەرجەمەشم هەیە وە ئیستا رۆمانێکی فارسیم وەرگێراوە لە فارسیەوە کە ئامادەیە بۆ چاپ لە نووسینی (مارف توایی) یە بە ناوی (شازادەو هەژار) .

پ : ئەدیبی سەرکەوتو ئەبێ چۆن بێ ؟

ئەبێ سەهلی ممتنع بنووسێ واتا شتێك بنووسێ کە خەڵکەکەی تری بگاوەبەرهەمەکەی ئەبێ جوان بێ و تەرخانی بکا بۆ کۆمەڵی خەڵکی وە لە گیروگرفتی کۆمەڵی بدوێ و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە ، وە نابێ زۆر بروای بە بەرهەمی خۆی هەبێ بەلکو ئەبێ تارادەیك دوو دڵ بێ لێی ، وە بەرهەمەکەی هەر چەند بەلای خەڵکەوە پەسند بکرێ و لەلای رەخنەگر سەرکەوتوو بێ نابێ لەخۆی بایی بێ چونکە ئەگەر لەخۆی بایی بوو ئەوە بەرەو دوا ئەچێ وئەوەستێ .

پ : کام شیعر لە شیعرەکانت لەوانی تر بە بەرزتری دەزانی و بۆچی ؟

و : ئەوەی لەخەیاڵم بێت (کاروانی خەبات)م لە شیعرە هەرە چاکەکانمە لەبەر ئەوەی هەستی راستەقینەی خۆمم دەربڕیوە بەرامبەر بەرەفیقێکی خۆشەویستم وەلام وایە تیایا سەرکەوتووم .

پاشماوەی ٨ مێژوی هاد

« ئاشوری - بابلی » (ئاکدی) ی ئارامی و عەرەبی . لە ئاسیای ناوەراستدا زمانە ئیرانیەکانی رەکو خوارزمی و سگدی و باکتریائی و پارتی بوو بە زمانی تورکی ئەبەك و قرە قلپاقیان و تورکمنان . هەروەها ئەم ژڕانانە بەسەر زمانەکانی مادیشا هاتووە . بەڵام هۆی بنەڕەتی گوڕینی ئەم زمانانە ئەوە نیە کە خەڵکەکانی ئەم کیشوەرە یان ئەم سەرزەمینە نەمابن و خەڵکی تر هاتبنە جێگاکانیان ، وە بەم هۆیەوە هۆزەکانی ئیستا - لەگەڵ ئەوەدا کە زمانێك بە زمانێکی تر قسە ئەکات - بە شێوەی گشتی نەوەی راستی دانیشتوانی کۆنی ئەم کیشوەرانە بن . ئەو دانیشتوانەی کە میراتی روشنبیری و مێژوویی و نەژادی یان بە هۆزەکانی ئیستا گەیاندووە ، پەیدا بووە .

- ماوێتی -

پاشماوەی حسن زیرەك

جا ، چۆن پیر نەبم ، چۆن بمێنم ، لاو ؟!

× ×

بیست و حەوت ساڵەم ، ئەوا ، هاتەبان

جا خۆت کۆمەك بە ، خودای (لا مکان)

زانیم ، ئە ئاوا ، لێم ووشك دەبێ ، خوێن

پێتاوم ، پێچا ، بۆ شاری پێنجوین

یا ، لە بۆ پێنجوین ، یا ، بۆ سلێمانی

هەموو کەس ئەیگوت : کاکە ئێرانی ؟!

ئەمگوت : ئێرانیم ، ئاوا ، تەوەڵلام

نە حاجی زادە و ، نە بەچکە مەلام

بووم بە مسافر ، چووم بەرەو کەرکووك

ئێرانی بگیر بوو ، هیچ خۆم نەکرد ، سووك

گوتم : غەریبم ، وا بووم ، هەڵوەدا

بچمە ، زیارەتی ، غەوسەکەی ، بەغدا

(بەغدا) پاك گەڕام ، شاریع ، چاخانە

بووم بە شاگردی ، مسافرخانە

باش کارم ئەکرد ، رۆژو شەوانە

لە ئوتێل (شیمال) کە جێی کوردانە

مسافرێکمان ، کە (مام جلال) بوو

یەکجار ، گەنجێکی بە بێ غەلال بوو

خۆ پیریش نەبوو ، پێیان ، دەگوت : مام

کوڕێکی شیرین ، وەکو ، شەکری خام

پاشماوەی ریکەوتنی - البریمی

ئەم ساڵدا پارتی کریکاران لەبەریتانیا هاتەوە سەر حوکم و لەگەڵ ئەمەریکا ریککەوتەوەو ئەمەش وای پێویست کرد کە نۆکەران - میرنشینەکان و رێژیمی سعودیش ریککەوتنی - البریمی - مۆربکەن .

روخسارێکی تری مەسەلەکە

جگە لەمانەی لەسەرەوە باسمان کرد ، لە ژێر کونترۆلی ئەمەریکاو هاوکاری ئیمپریالیستە پیرەی بەریتانیادا سەرلەنوێ نەخشەیەکی تر بۆ ناوچەی خلیج کێشاراوەو دەورەکانی بەم شێوەیە دابەش کراوە :

١ - ئێران کاروباری ناوچەی ئۆقیانوسی هیمن و دورگەکانی خلیج و ناوچەی عوممان ئەبات بەرێوە .

٢ - ناوچەی میرنشینەکان و کوێت بە رێژیمی سعودی ئەسپێردرێ .

ئێران ، وەکو ئەزانین نۆکەرێکی دلسۆزی ئەمەریکایەو بەبێ پرس وڕای ئەمەریکای ئاغای پەنجە لەناو پاناکات .. دوورکەکانی خلیجی داگیرکرد .. لەشکرێکی زۆری ناردوە بو عوممان و بەگژ گەلی قارەمان و شۆڕشگێڕانی زەفاردا ئەچێ .. ئیستاکەش دەوری رێژیمی دیکتاتوری و کۆنەپەرستی سعودی سەبارەت بەوەی چەپەلەکەی بگێڕێ جابۆیە سویدی بەئاشکرا دوای ریککەوتنەکەی - بریمی - وتی :- ناوچەی خلیج و دوورگەی عەرەب ناوچەیەکی کرنگە ئەك سەبارەت بەگەلەکەمان ، بەلکو سەبارەت بەهەموو جیهان .. ئیمەش لەوباوەڕەداین کە شانشینی عەرەبی سعودی سەبارەت پەوەی براگەورەیە بۆیە لێ پرساویەکی گەورەی کەوتۆتە سەر شان بەرامبەر بە جێگیرکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا ؟!.

پاشماوەی : کورتەوەلامیکی کاك روستەم

بحمدالله دووچاوی یارم ئۆخەی
بەبێ مە ی مەستی بێ مەی مەستی بێ مەی
لە بوستانی ئیرەم دا قەت نیە وەك
شەمامەی وەك شەمامەی وەك شەمامەی
شەوی هیجرو بەقای عومری رەقیبیم
خودا طەی بێ خودا طەی بێ خودا طەی
وەرە موطرب بەکویری چاوی ئەغیار
سەدای نەی دەی سەدای نەی دەی سەدای نەی
لە دووری نازەنینم رەنگ زەردم
وەکو بەی هەر وەکو بەی هەروەکو بەی
لە نەهرەینی دووچاوم ئەشکی خوینین
پەیاپەی دێ پەیاپەی دێ پەیاپەی
گوتی « نالی » ئەتۆ بمرە ئەمن دیم
خودا کەی بێ خودا کەی بێ خودا کەی

وا ئەزانم ئەم دوو شیعرەبەسە بۆ ئەوەی بەراورد بکرێ بۆ لەیەك چون و چێژو سەلیقەوورەدەکاری ، ئەتەر خۆ « کیفی » شاعریش لەم شیعرانە بە نامەوچێژتری هەبێ ومانی نیدانیە ریزی هەرەپێشەوەی ئەدەبی کوردی ئەگرێ لەروی « غ زەل » و هونەریەوە کەجۆری شانازیەوهەموو رۆشن بیرو ئ دیبێکی کورد .. لە هەر لایەك بێ بەچاوی رێزوو بەرزی ایدیوە تەماشای ئەکات ..

پاشماوەی : دورگەی قبرص

جێگەی دەست پێ بکاتەوە .

٢ - تورکیاش رازی نابێ کە کونگرەیەکی نیۆ دەوڵەتان بۆ قبرص بگیرێ .

٣ - یۆنان هەرەشەی ئەوە ئەکات کەمەسەلەی قبرص پێشکەش بە ئەتەوە یەکگرتوەکان ئەکات .

٤ - تورکیاش هەرەشەی پێکهێنانی کۆمارێکی سەربەخۆ بو تورکەکان لە قبرص دا ئەکات .

ئاگادارانی سیاسی لەوباوە ڕەدان کە ئەو ناکۆکی یە رێگای بۆ ئەمەریکا خۆش ئەکات بۆ ئەوەی سەر لەنوێ دەست بە نەخشە دانان و جموجۆڵی بکاتەوە وە بۆ ئەم دەورە تازەیەش هەنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تەرخان کراوە .

بەڵام تا چەند کیسنجەر لەم ئەرکەیدا سەرئەکەوێ ، ئەمەشتێکە پاشەڕۆژ ڕوونی ئەکاتەوە .. چونکە حکومەتی تورکیاو بەتایبەتی لەشکر دوای ئەوسەرکەوتنەی لە قبرص بەدەستی هێنا لوتی بەرزبووەو دوور دەڕوانی و بەدەسکەوتی کەم رازی نابێ و یونانیش تەنگی بە هاوپەیمانیەتی دەوڵەتانی رۆژئاوا هەڵچنیوە .

بەکورت کراوەییەوە کراوە بە کوردی

پاشماوەی : ماموستا شێخ نورالدین ..

٩ - ئاواتی لە ژیانا : زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوە میللەتەکەی لەدەست زۆرداری و ستەمو مەینەتی هەژاری رزگاری بێ .. ئەیویست هەمو کەسێك فێری خویندن بێت .. بەرەبەرەکانێی بابەتی بەفسانەیی و خەرافات و قسەی نوێ ئاگردانی نەکرد . مێشکی خەڵکی بەزانستی نوێ روناك ئەکردەوە ..

١٠- گەشت و گوزاری : لە ساڵی ١٩٣٥ چوە بۆ سلێمانی و بوە بەمیوانی پیرەمیردو میوانداری کردوە ، و کەلێك ئاوچەی تری کوردستان گەڕاوە .

١١- کوچی دوایی : لە تەموزی ساڵی ١٩٥٢ دا ئوشی نەخۆشی بوەو لەشەوی ٢٠-٨-١٩٥٢دا کوچی دوایی کردوەو تەرمەکەیان بردۆتەوەبۆ گۆریەو لە گۆڕستانی (دەرویش خدر) نیژراوە .

پاشماوەی / بۆستەی خوێنەران

بووە ، بەڵام چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکەی جەنابت لای ئێمەنیە .. ئەگەر سەریك لە دەسگای ناو نوسینی کارگردن بدەیتەوە باشترەو ئاثومیدەبە .

× **کاك خەمگین خۆشناو :**

براگیان ئەو شیعرەی جەنابت لەگەڵ ڕیبازی رۆژنامەگەری ئەمرۆدا ناگونجێ ! لەبەر ئەوە ببورە نەمان توانی بڵاوی بکەینەوە .

× **کاك شیرزادعەبدولەرەحمان نانەکەلی لەهەولیر :**

ئەوباسەی جەنابت تەرجومەت کردوە کە ئەلی (هەمو ساڵێك سێ ملیون کەس لەبرسانا ئەمرێ) زۆرلاوازە . جەمسەری رستەی باسەکان وەکو بیویست پێکەوە جۆشیان نەخواردوە ... ببورە .

قیمەتێ ەزمبیلا بزانی

× ×

زەمبیل فرۆش لاوکێ دەرۆیشە
قیمەتێ زەمبیلا بزانی

× ×

زەمبیل فرۆش لاوکێ فەقیرا
کەرەمکە دۆشەکا میرا
تێکفەدە بسك و حەریرا
هەر ڕەکی خەرجا داوەتێ
یە دوورە رۆژا قیامەتێ

× ×

زەمبیل فرۆش دبێژن :

خاتوونێ گەردەن شابێ
ترسا مە ژ روژا حسابێ

× ×

خاتوونێ گۆتێ :

قان بەرگوزا ژ بەرتە دکەم
چۆخ و جەرچورا بەرتە دکەم
یە دوورە رۆژا قیامەتێ
هەروەکی چەرخا داوەتێ

× ×

خاتوونێ خۆ بکار دکر
ئەنیا خۆ بزێرا بار دکر
کالێ هەزار سالا هار دکر

× ×

زەمبیل فرۆشی گۆتێ :

ئەی خاتوونێ تەرز حەرمەتێ
ئاگرێ خودێ بمالێ کەتێ
ئاخر تو ناهێلی ئەم چین جەنەتێ
رزقێ مە شاهێ قودرەتێ

× ×

زەمبیل فرۆش لاوکێ ڕووالا
ئەو قەسرا مەرمەر هەزارا
ژ قودرەتا مەلکێ جەبارا
هزرەك ژێ نەبووە زەرارا

× ×

جبرائیل تەلیرێ سقکە
زەمبیل فرۆش گرت دانا بوو عەردێ نەرمکە

× ×

ئەفنە بوون چەند بەیتەك ژ چیرۆکا زەمبیل فرۆش بەلێ وەکی دڤانرا دەردکەفت خودان قان بەیتا نەی دیارە ، ئانکو ئەم نزانین کێ ئەڤ بەیتنە گۆتینە ، واتە دبت ئەفنە دڤۆلکلۆری بن !!

پاشماوەی : دەرکەوتنی ئەزمەن

**ئەو کەسەی کە ئەزمەن دەرکەوتە ئەو کەسە ئەزمەن دەرکەوتە

کۆیەو چەند یادگارێک

تا ئێستا لە شاری کۆیە دەرگایەکی بلندی گەورەی هەندێ لە شوێنەوارە دێرینەکانی لێماوە • لەگەڵ ئەوەی لە زۆرەی هەندێکی فەوتانو نەمان بەلام لەبەر بێبایەخی هەرماوە یەکە ئەوانەش نامێنێنو دەفەوتێن وە بەزۆری ئەم شوینەوارانە بایەخی ڕووی ڕۆشنبیریو سەربازی ئەم ناوچەیە دەردەخەن لەسەدەکانی پێش ئێستادا •

یادگاری یەکەم

قشلە جوانترین یادگاری بەجێماوی نەڕۆخاوە لە سەر گردێکی فراوان دروست کراوە •• خەڵکی لەو باوەڕەدان پاشای ڕەواندوز (پاشاکۆرە) لەکاتی داگیر کردنی شاری کۆیە دروستی کردبێ ئەم قشلەیە ماوەیەکی زۆرە (د•خ) ورده ورده کوچێ‌دوایی‌یان کردوه •

یادگاری سێیەم :-

سێ‌تاقان کە تائێستا دوو لەم تاقانە لە کۆیە ماوە کە لە دەرەوەی شارن نەمەش جوانترین بەڵگەی ڕۆشنبیری ئەم ناوچەیە دەردەخات چونکە کاتێ گەڕێبوارەکان ماندو دەبوون ڕوویان لەم تاقانە دەکرد سەبارەت بەوەی سێیەمێکی خۆش‌و کوپەلە ئاوێکی ئەوەرەی لە ژێر هەبوو تا ئەم ساڵانەش ئاویان هەبوو دەبرد بەڵام ئێستا وانەماوە • چەند شتێکی ترماون بۆ داهاتوو خوابشتیوان بێ باسیان دەکەین •

« گوشاد کاروان »

یادگاری دووەم :-

شێخ محمد کە بە شێخ محمدی دێرێ بە ناوبانگە • پیرەکان دەڵێن •• لە سەر دەمی خۆی ئەم شێخە (ئەسحابە) بوە وە خوشکێکی هەبووە لە ترسی گاورەکان خانوێکیان دروست کردوە ئەمەش ئەم خانوەی ئێستایە کە قەبری خۆیو خوشکەکەی تیایە وەك بەقسەی خەڵکی بێ دەبێ ئێجگار کۆن بێ چونکە ئەسحابە لە دەایی پیغەمبەر



« نەخۆشێکانی کۆمەڵگەی نوێ

- ئیفان ئەلیتش -

« ئیفان ئەلیتش » یەکێکە لە زانا کۆمەڵ شوناسەکانی ئەم سەردەمە ، لەگەڵ ئەوەی خۆی لە دانیشتوانی مەکسیکە ، بەڵام زوربەی کتیبە گرنگەکانی لە فەرەنسا بڵاو دەکاتەوە •• لە بارەی کۆمەڵ شوناسی‌یەوە ئەو زانایە ساڵەهای ساڵە کتێب دەربارەی بێ‌کەڵکی شێوەی بەروەردەکردنی ئەم سەردەمە بڵاو دەکاتەوە ، هەمیشە دژی بڕوگرامی فێرکردنی ئەم سەردەمە ڕاوەستاوە ••• بەوکێشەو بەرەیەوە ڕانەوەستاوە ، ئێستا خەریکە لەتەك « پزیشکایەتیدا » خۆی لە شەڕیکی ترەوە دەدات ••• لەوە دەچێت ئەلیتش کورزی یەکەمی ئەم شەڕە نوێ‌یەشی هاویشتبێ ، بەتوێرەی ئەو وتارەی ماوەیەك لەمەوبەر لە گوفاری « عەقل »ی فەرەنسایدا بڵاوی کردۆتەوە •••

لەو وتارەیدا دەڵێیت •• « کردەوە پزیشکێکان بوونەتە هۆی خەڵك کوشتنو مەرگ زیادکردنو (••) بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك وەك ریگای بۆ خۆش کرابێت مردن بەردەوام لە زیادبووندایە ، ئەویش بە هۆی کەم تەرخەمیو لێنەزانینو نابەلەدی بەکار هێنانی داودەرمانەوە ، وە لە ئەنجامی بەکار هێنانی ئەو قەوارە زۆرە حەبو دەرمانەی بۆ تەسکینی ئێشو ئازارو سارێژکردنی برین دەدرێن بە نەخۆشەکان ••

« ئەلیتش » بۆ ساغ کردنەوەی قسەکانی چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە ، لەو بەڵگانەدا دەڵێیت •• ساڵی ١٩٧٢ تەنیا لە ئەمەریکادا نەخۆشەکانی ئەو وڵاتە ١٣ هەزار شکاتیان لەپزیشکەکانیان کردووە ••• وەنەبێ بەمەنەدەوە ڕاوەستابێت ! بەڵکو پەنجەی ناوانکاری بۆ هەموو پزیشکەکانی ڕۆژئاوا درێژ کردووەو ، لەو بارەیەوە دڵێت •••

چارەسەریو پزیشکایەتی لەو وڵاتانەدا ، بەستراوە بە کێشەی چینایەتی‌یەوە •• لەبەر ئەوە ئەنجامەکانی لە بەرژوەندی خەڵکی نی‌یەو بەچاکی ناتوانێت پارێزگاری ژیانی خەڵکی بکات •• تا بەو جۆرە ئەلیتش سنووری داخراوی دەوری پزیشکایەتی ئەو وڵاتانە ئەشکێنێتو پەردە لە ڕووی ناهەمواریو چەوسانەوەی مرۆڤ هەڵەماڵێت ، بەدەست ئەو کەسانەوە کە پێویستە فریاد ڕەسیو ژیان بەخش بن •

ئەو ژانایە بەڵێنی بە خوێنەرەکانی داوەکە بەم زووانە هەموو ئەو بیروڕایانە دەربارەی ئەم مەوزوعە هەیەتی لەکتێبێکدا چاپی بکات •

کام ئیشە حەزلێ ئەکەیت

ئاگر ئابڵوقەی « بیگ‌بەن » دەدات

ماوەیەك لەمەوبەر لە ئەنجامی تەقینەوەی ، بۆمبایەکی سوپای ڕزگاری خوازی کۆماری ئیرلەندە ، لە یەکێك لە هۆڵەکانی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا ،دووکەڵ دەوروبەری (بیگ‌بەن)کات ژمیرەکۆنو بەناو بانگەکەی لەندەنی داوە • پۆلیسە ئاگر کوژینەکان بەهەڵەداوان چون بۆ کوژانەوەو ورزگارکردنی کات ژمێرە کۆنەکەیان لە سووتان •

×

سالی پتر لە ١٥٠٠ فوتابی کورو کچ ، دەچنە کۆری فێرکردنی سەر بە ناوچەی ئۆتۆپیارسکی ،شاری لینینگراد، ئەو کۆرە ڕێگایان نیشان دەدات تابتوانن پیشەیەك بۆخۆیان هەڵبژێرن هەتاوەکو لە زیانیاندا •• ڕەچاوی بکەن •• وە بینە ئەندامێکی بەکەڵك لە کۆمەڵگەکەیاندا ، بەبێ کاری نەبن بە بار بەسەر وڵاتو نیشتمانەکەیانەوە •

گێژەڵوی کارامن

ماوەیەك بەر لە ئێستە گێژەڵوویەکی ئێجگار بەهێزوو هەرەکەت هەڵی کردۆتە سەر ناوچەی بلیز لە ئەمەریکای ناوەند ، شارەزایانی مەیدانی ئاوو هەوا ئەو گێژەلوەیان ،ناو ناوە (کارامن) •

ئەو شارەزایانە ووتویانە •• گێژە لوی ناوبراو مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت خێرایی‌زیادبکات ،تاوای لێدێت لەیەك سەعاتدا ٢٨٠ کیلومەتر ببڕێت ، ئەوکاتە زیانو مەترسی گەلێك زیاتر دەبێت ،ئەوساکە هیچی لە گیژەلوی (هایتی) ناگەڕێتەوە ، کە لەساڵی ١٩٦١ دا هەڵی کردە سەر ئەو ناوچەیەو زیانێکی ٦٠ ملیون دیناری داو ، سەرەڕای ئەوەی (٢٦٢) کەسیشی لەناو برد •

هەنگاریاو قاوە

خەڵکی هەنگاریا ئەوەندەحەز لە خۆاردنەوەی قاوە دەکەن، ناوبانگێان بە قاوە خواردنەوەپەیدا کردووە ، لەسەر ئەو مەسەلەیە سەرگوزشتەیەکی‌خۆش هەیە ، لەو وڵاتە ڕووی‌داوە •• سەرەکی یەکێك‌لە وڵاتەکان بەدیدەنی دەچێتە هەنگاریا ، لەکاتی پێشوازی‌لێکردنیدا ، دەیەوێت بەو بۆنەیەوە ، وتارێك بخوێنیتەوە•• هەرکە وتارەکەی دەست پێدەکات •• دەڵێیت •• سڵاوێکی دۆستان دەگەیەنم بە هەر چل ملیونی گەلی هەنگاریا •• لێرەدا یەکێك لە کاربەدەستانی هەنگاریا ، میوانەکە بە ئاگا دێنیتەوەو پێی دەڵێت •• بەڕێز هەنگاریا دە ملیونە ، چل ملیۆن نی‌یە •• نەخێر میوان دووبارە سوور ئەبێت لەسەر ڕای خۆیو دووبارە هەمان قسەی پێشووی دەکاتەوە ئەمجارەش کار بەدەستێکی تر بە گوییدا دە چرپێنێتو تێی دەگەیەنێت کە هەنگاریا دە ملیونەو چل ملیون نی‌یە •• لیرەدا میوانەکە ئیتر خۆی پێ ڕاناگیرێتو بەتووڕەیەوە پێی دەڵێت •• بەڕێز وڵاتەکەی ئێوە ساڵی بەش چل ملیون کەس قاوەمان لی ئەکرێت نەك بەش دە ملیون ، بەو پێیە ئێوە چل ملیونن دە ملیون نین •

(•••)

کۆڕێکی ڕاوان

لیژنەی ڕێکخراوی لاوانی‌هەنگاریا لە ناوچەی « باگس » مەهرەجانێکیان بۆ لاوان پێك‌هێناوە لە ژێر دروشمی (هاوکاری کردن دژی‌ئیمپریالیستو لە پێناوی ئاشتیو دۆستایەتیدا) • مەهرەجانەکە دوو ڕۆژی خایاندوە ، پتر لە بیست هەزارلە لاوانی هەنگاریاو قیتنام، ئەمەریکای لاتینی ، بەشداریان‌نیادا کردبوو •

ئەوەش وێنەی دەستەیەك لەلاوانی ئەمەریکای لاتینی‌یە ، چەند گورانی‌یەك لەو مەهرەجانەدا پێشکەش دەکەن •

چین یەکەمە

دەربارەی ژمارەی ئەوزمانانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا قسەیان پێدەکرێت هندێ لەزانایان سەر ژمێرێکیان‌کردووە •• لە سەر ژمێرەکەدا ژمارەی‌ئەو زمانانەی هەتاوەکو ئەم سەردەمە هەر قسەیان‌پێدەکرێت ، نزیکەی هەزار زمانە ، وە لە ڕادەی بڵاوی ئەوزمانانەداو ژمارەی کەسانەی پێیان دە دوێن ، زمانی چینی پلەی یەکەمی وەرگرتووە ، ژمارەی ئەو کەسانەی بەو زمانەدەدوێن (١٠٥) ملیون کەسە ، لە دوای زمانی چینی زمانی ئینگلیز دێت ، ژمارەی ئەوانەی بەزمانی ئنگلیزی دەدوین ٣٣٣ملیون کەسە ، لە پلەی سێیەمیندا زمانی روس دێت ،ژمارەی ئەو کەسانەی بەزمانی روس دەدوێن (٣٠٦) ملیون‌دەبێت ••

دوای زمانی روسیش زمانی‌ئسپانی‌و هندی دێت ، هەریەکە لەو دووزمانە ٢٩٢ ملیون‌کەس‌پێیان دەدوێت ، بەڵام زمانی ئەڵەمانی پلەی شەشەمی گرتووەژمارەی ئەوکەسانەی بە زمانی ئەڵەمانی دەدوێن پتر لە (١٠٠)ملیون کەسە •

پۆڵەندەو جگەرەکێشان

ماوەیەك لەمەوبەر لە پۆڵەندەمەرسومێك دەرچووە ، بە پێی ئەو مەرسومە ، لە ئۆقەنتەی‌کرێکاران‌و ژانستگاکان‌وەحەتەی شەمەنەفەرو گەراج‌و جێگای‌ئتومبیل ڕاوەستان وە هەموو شوێنە گشتیکانی تردا جگەرەکێشان قەدەغە کراوە •• ئەوانەی جگەرە کێشن دەتوانن‌جگەرە لەو شوێنانەدا بکێشن کە بەتایبەتی بۆ جگەرە کێشان‌تەرخان کراوە •• هەروەها ئەو مەرسومە جگەرە کێشانی‌لە خەستە خانەوە ، ئەجزا خانەو ، عیادەی دکتۆرە کانداقەدەغە کردووە ، ئەوەی شایانی باسە لە سەرا پای قوتابخانەکانی پۆڵەندەدا جگەرە کێشان قەدەغەیە ••

ئافرەتی ژاپۆنی لەپێاویان تەمەن درێژترن

مەوەیەکی کەم لەمەو بەروەزارەتی تەندروستی ژاپۆن سەرژمێری تەمەنی پێاوانو ئافرەتانی کردوو ، بەهیوای ئەوەی نیوانی تەمەنی هەردوولایان دەست‌نیشان بکات •• لە ئەنجامی ئەو سەرژمێرەداراپۆرتێکی دەرکردووە تێیادا دەڵێیت •• ئافرەتی ژاپۆنی‌ناوەندی تەمەنیان خۆی دەدات لە ٦٧٫٢ ساڵ ، کەچی پیاوانی‌ژاپۆن ناوەندی تەمەنیان لە ٧٦ ساڵ بەولاوە نەچووە بەمەدا دەردەکەوێت کە ئافرەت لەژاپۆن لە پێاوان بە عەمرترە•

ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

ئاوڕێك لە ڕابردوو

ئارام : ئامادەی کردوە

ڕۆژنامەی (بانگ کردستان) وەك خۆی ساڵ ١ ژمارە -٧- هەینی ٣٠ محرم١٣٤١ بەرامبەر بە ٢٢ ایلول ١٩٢٢ نووسیویەتی ئەڵێ :

قصەء حکیمانە

لە ذاتێکی عارفیان پرسی معنی حیا چیە - فرموی معنی حیا اوەیە کە تماشای‌خوت بکیو لە عیب خلق چاو بقوچینی •

✻O✻

عارف متفقن لسر امەکە قصەء بی موقع بیدنکی‌یە وبی دنکی بی موقع هر زەیی‌یە - کەوهابو انسان دەبی بەقدر ضرورت قصە بکاو کوهر زیاد بەبی احتیاج صرف نکات - •

✻O✻

طالعدار اوەیە کە خواردی وبردی، بدبخت اوەیەکە مردو بجی هیشت •

✻O✻

پارەو ماڵ بو آسایش‌عمرە - نەوك عمر بو کو کردنەوەماڵە - •

✻O✻

بە قصەء دشمن تفرە مخو ، مرایی پیاوی ریاکار مکرە کوی - او داوی فیل انیتەوە ام دوکان طمع اکاتەوە - •

✻O✻

شر لەکل شیر کردن ،دست بەتیغا مالین کاری پیاوی عاقل نیە - •

علی کمال

هەروەها لە هەمان ژمارەی بانگ کوردستانو لەستونی لای چەپیدا ئەم هەواڵە نووسراوە :

رویشتن

بنا بە امری کە لە کفری‌یەوە لە طرف حضرت حکمدار کردستان شیخ محمود افندی‌یەوە هاتووە بو بعضی مذاکرەء ایشو کارکردستان شوی ٣ شمبە (١٩) أیلول ١٩٢٢ جناب حاجی مصطفی

پاشاه احمد بك توفیق بك ،محمد اغای عبدالرحمن اغا ، عزت بك عثمان پاشاو ابراهیم افندی ضابط عسکری بە اوتوموبیل تشریفیان حرکتی‌کرد بو کفری • دعای موفقیتیان اەکین •

بانگ کردستان

ئەمەریکاو پارە کێشانەوە !

ژمارەیەکی زۆر خەڵکی‌ئەمڕۆ لە ئەمەریکا خەریکی تەڵەکەبازی‌و دەست بڕین‌و پارەکێشانەوەیە لە خەڵکی •• ئەو کەسانە بەجۆرێك‌شارەزاییان لەو مەیدانەدا پەیدا کردووە ، ڕۆژی دەستی‌سەدان خەڵك دەکەن بەزاخداو پارە لە سەدان کەس‌دەکێشنەوەو ، بەدەیان ریگادا فێڵ لە خەڵکی دەکەنو مەرامەکانی خۆیان وەدی دەهێنن •• بۆ نمونە هەندێك لەو فێڵبازانە بۆدەست بڕینی خەڵك لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەدا هەواڵی‌کەیشتنی کەلوپەلێکی زۆر بڵاو دەکەنەوە •• پێشەکی لەوکەسانە وەردەگرن کە دەیانەوێت لەو کەلوپەلە شت‌بکڕن ، کە پێشەکێکەیان وەرگرت ، خۆیان لە کریارەکان ون دەکەن بەبێ‌ئەوەی هیچیشیان بدەنی ••

ئاژانس « دەنگوباسی ئەمریکاوجیهان » سەرژمێریکی بڵاو کردۆتەوە تێیادا دەڵێیت •• لەئەمریکا بە فێڵو دەست بڕین ساڵی زیاد لە ١٥٠ ملیون دۆلارلە خەڵکی دەکێشرێتەوە ••

پۆلیسی ئەو وڵاتە چاوەڕوانی‌ئەوەیە کە دەست‌بڕیو فێڵو تەڵەکەبازی ، بەهۆی بێ‌کاری‌وخانوو نەبوونەوە لەمەو دوا پتر زیاد بکات •

ڕیمەنێکی ڕێگاوبان لەکوردستان دا



دەستکردی محسن محمدەمین ••